



سمایل ئاغای شکاک



پێشەوا قازی محەممەد



ئەحمەد توفیق


KURDISTAN



دوکتور سادق شەرەفکەندی



دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو




ماموستا شێخ عیزەدین حوسینی



مامۆستا مەلا خدر عەبباسی



فواد مستەفا سولتانی



حەمە حوسێن کەریمی



مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی



سەعید یەزدانپەنا

# کورتە ژیننامەی کەسایەت و ڕێبەرانی شەهیدی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

ڕەزبەری ٢٧١١ — ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی — ئۆکتۆبری ٢٠١١

## ژیننامەی شەهید سمایل ئاغای شکاک – سمکۆ [ ١٨٧٥ - ١٩٣٠ ]

ئیسماعیل ئاغای شکاک (سمکۆ) ساڵی(١٨٧٥) ، لە دایک بووە، کوڕی محەمەد ئاغایە لە هۆزی شکاک، باوکی سەرۆکی هۆز بووەو ناوو ناوبانگی لە ئەستەمبۆڵ و تاراندا دەرکردبوو، دوای مردنی باوکی برا گەورەکەی (جەعفەر ئاغای شکاک) دەسەڵات دەگرێتە دەست و پاشان بەپێی پیلانێکی دوژمنانی لە ساڵی ١٨٩٥ لە ناودەبرێت ، ئەمەش وا دەکات ڕاستەخۆ سمکۆ بێتە شوێنی. واتە لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بۆتە سەرۆکی هۆزی شکاک، بەڵام لاوێکی چالاک و لێهاتوو بووەو هەرلە تەمەنی منداڵیەوە دووچاری ژیانێکی سەخت بۆتەوە. هەروەها سمکۆ بەهێزترین کەسایەتی نێو هۆزی شکاک بوو، دوای وەرگرتنی سەرۆکایەتی هۆزەکەی لە پەلاماردانی دەوڵەتی قاجاریدا بەردەوام بوو ، ئەمەش وایکرد بوو ژمارەیەک لاوی ئازاو بوێر لە دەوری کۆببنەوەو پشتیوانی لێبکەن، وە لەوانەشە شوێنی جوگرافیا و دیالەکتیکی زمانو پەیوەندی باشی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کوردی کرمانشان و سنە و ئیلام و سەرۆک هۆزەکانی دیکەی کورددا، ڕۆڵی باشیان هەبوو بێت لە پێگەی هێزو دەسەڵاتیەوە. کەسایەتی سمکۆ بەزۆر شێوە و لە زۆرێک لە سەرچاوە مێژوویەکاندا بە شێوازی جۆراو جۆر باسی لێوە کراوە، هەرچەندە ئێرانییەکان و تورکەکان بە تاڵانچی و ڕێگر ناوی دەبەن، بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤێکی نەتەوە پەروەر بووە، وە لە قۆناغ و سەردەمی خۆیدا کەسایەتییەکی نوێخوازبووە. بۆیە دەبینین هەریەکە لەنەیار و دۆستانی کورد بەجۆرێ باسیان لێوە کردووە، کە هەندێک وەک ڕێگرو هەندێکی دیکەش وەک شۆڕشگێڕو نەتەوە پەروەر وەسفیان کردووە، بۆ وێنە: هاملتۆن دەڵێت: " سمکۆ ناودارترین کەسی شۆڕشگێڕی کوردستانە". شێخ لەتیفی حەفیدیش لەبارەیەوە نوسیوێتی: " کەسێکی چالاک و وریا بوو، لە جەنگدا کەسێکی بەتواناو لێهاتوو بوو، دەیویست دەوڵەتێکی کوردی دابمەزرێنێ و دژی داگیرکاری و تاڵانچێتی بوو، لەڕووی دپلۆماسیەوە کەسێکی بەتوانابوو، هەمیشە پەیوەندی باشی هەبووە و کۆبوونەوەی دەکرد و لەوسەرۆکانە بوو قەد بیری لەوە نەکردۆتەوە کە وڵاتەکەی بە پارە بفرۆشێ یان حەز لە پایەی بەرز بکات".لە ڕاستیدا چەند هۆکارێک بوونە هۆی زیاتر ناووناوبانگ دەر کردنی سمکۆ، هەم لەئێران و هەمیش لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا، کە گرنگترینیان بەکورتی ئەمانەن: ١- بەهێزی هۆزی شکاک لە قۆناغە مێژوویەکانی ئێران و هەوڵە دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ پاراستنی ماڵ و موڵکەکانیان لەدەست قاجارەکان، ئەمەش زیاتر بۆ سمکۆ گرنگیەکەی دەرکەوت کاتێک بوو بە سەرۆکی هۆزەکەیان. ٢- ڕووداوەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئێران و ناوچەکە، وە هاتنی عەبدولرەزاق بەدرخان بۆ لایی و بەیەکەوە کارکردن بۆ یەک ئامانجی هاوبەش بەبرەودان بەچاڵاکی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا. بەتایبەتی دوای ئەوەی ساڵی١٩١٣ لە شاری (خۆی) سمکۆ بە هاوکاری عبدالرزاق بەدرخان یەکەم خویندنگای بۆ منداڵانی شارەکە کردەوەکە و ٣٠ منداڵی کورد تێیدا دەیان خوێند ، خەرجی خوێندنگاکەش لەسەر ئەرکی دانیشتوانی ناوچەکە بوو. هەروەها روسەکانیش هاوکاری فەرهەنگیان دەکردو زمانی روسیش تێیدا دەخوێندرا. ٣- کاتێک سمکۆ بوو بەزاوای سەید تەها و خوشکەکەی خواست، زیاتر ناوبانگی دەرکرد، چونکە نەک تەنها لەبەرئەوەی سەید تەها شۆڕشگێڕبوو، بەڵکو کەسایەتییەکی ئایینی بەهێزیشی هەبوو، ئەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە- خزمایەتیەی لەگەڵیاندا زیاتر وایکرد سمکۆ لە زۆربەی نێوچەکانی کوردستان ناودەربکاتو بناسرێ. ٤- هۆکارێکی دیکەش بێ لایەنی سمکۆ بوو لە ڕووداوەکان دوای کشانەوەی هێزەکانی ڕووسیا لە ساڵی ١٩١٧و پاشان خۆی ساز دا بۆ هەڵایسانی شۆڕش لە دژی قاجارییەکاندا. دووەم: هۆکارەکانی بەرپاکردن و شۆڕشەکانی سمکۆ پێویستە ڕاشکاوانە ئەوە بخەینە ڕوو یەکێک لەهۆ پاڵنەرە سەرەکیەکانی هەڵایسانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی سمکۆ، وێڕای زوڵم و ستەمەکانی دەسەڵاتدارانی قاجاری و دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ کورد و نەسەلماندنی مافەکانیان، لەهەمان کاتدا کوژرانی (جەعفەر ئاغای شکاک) برا گەورەکەی سمکۆ، دەکرێت بەخاڵی سەرەکی وروژێنەر دابنرێت بەرامبەر بە دەسەڵاتدارانی ئێرانی، بۆیەش بەردەوام لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدا بوو تا لەڕێیەوە ڕق و قینە و تۆڵەی بنەماڵەکەیانیان لێبکاتەوە. یەکێک لەو دەرفەتانەی بۆ سمکۆ هاتە پێشەوە هەڵایسانی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤-١٩٨١) بوو، کەوا زیاتر بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێوە تێکچوو، چونکە یەکێک لە ڕووداوە هەرەگرنگ و چارەنوسازەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، هەڵایسانی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو، کە لەو سەردەمە دا گەلی کورد لەنێوان هەردوو حکومەتی عوسمانی و قاجاریدا دابەشکرابوو، هەربۆیە دوابەدوای بەشداریکردنی دەوڵەتی عوسمانی و تێوە گلانی لەوشەڕە دا، ئاگری شەڕ بۆ نێو کوردستان تەنیەوە، لەم ڕووەوە (لازاریف) دەڵێت "لەڕاستیدا دەنگی یەکەم تەقەی شەڕ لەڕۆژهەڵاتی نزیکدا لەکوردستانی ئێران بەرزبۆوە نەک لەدەریای ڕەشدا" . بەمەش سمکۆ سەرەتا هەوڵی دا لە ڕێگەی برەودان بە شۆڕشەکانی کوردەوە ئاگرەکە خۆشتر بێت و پاشان ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئازاد بکەن، بۆیەش کاتێک لەپاڵ ئەم بارودۆخانە دا شۆڕشێکی کورد لە بەتلیس سەر هەڵدەدات بەبەشداری و سەرکردایەتی ژمارەیەک لە سەرکردە دیارەکانی کورد لەوانە: عبدالرزاق، یوسف کامل، شێخ تەها، سمکۆش بەشدار دەبێت تیایدا، وە پاشان شۆڕشەکە فراوان بوو و سەرەتاش سەرکەوتنی باشی بەدەست هێنا، کە توانرا گەمارۆی شاری بەتلیس بدرێت و پاشان بچنە ناویەوە، بەڵام نەتواندرا لەناوی دا بمێننەوە بەهۆی هاتنی یارمەتی سەربازی زۆری تورک بۆ ناوچەکە، لە کاتێکدا هێزەکانی کورد لەڕووی چەک و ڕێکخستنەوە لاواز بوو، بەمەش تورکەکان توانییان شۆڕشەکە لەناوببەنو هەروەها ئەوپەڕی توند و تیژی و سزادانیان پەیرەوکردوو بەشێکیش لە سەرکردەکانی شۆڕشیشیان لە سێدارە دا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە گەلی کورد لەناوچەکانی دیکە بێزاری و توڕەیی خۆی نیشان بدات بەرامبەر ئەو ڕەفتارە ناشیرینانەی کە ئەنجام درا لەلایەن سوپای تورکەوە بەرامبەر شۆڕشگێڕان. بەڵام سمکۆ دوای جەنگ لە ساڵانی (١٩١٩-١٩٣٠) خەباتی ڕزگاریخوازی گرتە ئەستۆ بەئامانجی بەدەست هێنانی سەربەخۆیی. لەساڵی ١٩١٩دا شۆڕش و ڕاپەڕینی سمکۆ زۆرێک لە نێوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بەشێکی زۆری سەرۆک هۆزەکان دایەنە پاڵی، وە نێوچەیەکی فراوانی ڕزگارکرد، هەر لە ورمێ تا سنووری تورکیا، لە وێشەوە تا سابڵاغ و سەقزو بانەش، وە لەوکاتەشدا بەڕێوەبەرایەتییەکی لەو نێوچانە دا دامەزراندو شاری ورمێی کردە نێوەندی دەسەڵاتەکەی، ڕۆژنامەیەکیشی بەناوی







(ڕۆژی کوردو شەوی عەجەم) دەردەکرد وەک ئۆرگانی دەسەڵاتەکەیی و دواتر ئەمە بوو بە ڕۆژی کورد و پاشانیش کورد. لەدوای ئەو بڵاوکراوەیە بزوتنەوە چەکداریەکەی سمکۆی شکاک لەگەشە کردندا بوو ناوچەیەکی زۆری کوردستانی ئێرانی گرتبۆوە




دەسەڵاتی خۆی چەسپاندبوو بۆیە لەپاڵ ئەو گەشە کردنە سیاسی و سەربازیە سمکۆ بیری لەدەرکردنی بڵاوکراوەیەکیش کردەوە وەک پێویستیەکی گرنگ بۆ گەشە پێدانی لایەنی فەرهەنگی و ڕۆشنبیری و بیری نەتەوەی بۆیە لەساڵی ١٩٢١ دوایی ئەوەی شاری وورمێی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەیەک دوایی ئەوەی محمەد تەمەدونی خاوەنی چاپخانەی (تەمەدن) رایکرد و شاری وورمێی بەجێهێشت لەبەر ئەوەی ئازەریەکی شیعەی دژ بەکورد و جوڵانەوەکەی سمکۆ بوو ، لایەنگرانی سمکۆ دەستیان بەسەر چاپخانەکەدا گرت و ناوەکەیان لە (تەمەدون) کرد بە (غیرات) ئەوجا دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک بەناوی (ڕۆژی کورد – شەور عەجەم) پاشان کردیان بە (ڕۆژی کورد) دوایی تەنها (کورد) محەمەد تورجانی بەرپرسیاری بووە لەسەرەوەی کورد نوسراوە (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا) لە ژێریشەوە دوودەست لەیەکدا وەک نیشانەی یەکێتی تێدابێ وەردەگیرێ جاری لەهەفتەیەکدا چاپ دەکرێ لەژێر ڕۆژنامەکەش نوسراوە (ڕۆژنامەێکە سیاسی ادبی ، اخباری ، سر مقالی ترجمە دکرد بفارسی ، دینوسی کوردیک بۆ هەموو کوردان).
هەموو نوسەرانی کورد هەر تەنها ئەوەندەیان لەبەردەستدایە لەبارەی ئەو ڕۆژنامەیەکە بەمێژووی کۆچی دەرچووە گوایە ژمارەی یەکەمی لە ١٢ ی مانگی شەوالی ١٣٤٠ بڵاوبۆتەوە کەهەندێک پێیان وایە دەکاتە تەمموزی ساڵی ١٩٢٢ ی زانینی بەڵام نازانرێ تیراژی چەند بووەو چەند ژمارەی لێ دەرچووە بەکۆتایی هاتنی بزوتنەوە شۆڕشگێریەکەی سمکۆ کۆتایی بەدەرچوونی ڕۆژنامەکەش هات. ئەم هەوڵانەی سمکۆ لەلایەن ئێرانەوە وا بەسانایی پەسند نەدەکراو بۆیە لەساڵی ١٩١٨ لەلایەن (مکرم الملک) حاکمی تەورێز بۆمبێک بە شێوەی دیارییەکی پێچراوە دەنێرێت بۆ سمکۆ بەمەبەستی لەناوبردنی، بۆیە کاتێک زەرفەکە دەکەنەوە بۆمبەکە دەتەقێتەوەو دەبێتە هۆی کوژرانی (٢٥ ) کەس لەپیاوەکانی و برینداربوونی ژمارەیەکی لەوەیش پتر لە دەستو پێوەندەکانی. پاشانیش کە گۆڕانکاریە سیاسیی و سەربازییەکان لە ئێراندا هاتە کایەوە بە دەرکەوتنی ڕەزاشای پەهلەوی، سمکۆ لە هەوڵەکانی خۆی بەردەوام بوو بۆ سەردانەنواندن بەرامبەر بە ئێران و پاراستنی سەربەخۆیی کوردستان، وە دەسەڵاتەکەشی فراوانکرد بوو دەستی بەسەر ناوچەکانی نێوان خۆی و سەڵماسدا گرتبوو. بەڵام دەسەڵاتی تۆتالیتاریانەی ڕەزاشا بێ ئاکام نەمایەوە لەسەر سمکۆ، بەڵکو دەسەڵاتی سمکۆ وورده وورده دایە لاوازی و بۆ ماوەیەک لە چالاکیەکانی وەستا، چونکە نەیتوانی بەرامبەر هێرشی ئێران خۆی ڕابگرێت و بۆیەش شاری ورمێی لەدەستدا کە چوار ساڵ بوو حوکمی تێدا دەکرد، لە ٤ی ئاگوستی ١٩٢٢ هێزەکانی خۆی کشاندەوە بۆ تورکیاو دوای کەوتنە داوی سوپای تورک و زەبرلێوەشاندن و زیان پێگەیاندنێکی زۆری گیانی و ماددی توانی خۆی دەربازبکات لەدەستیان و پاشان خۆی گەیاندە باشووری کوردستان و لە نێوچەی ڕەواندزدا نیشتەجێ بوو، بەڵام ئەم شکستەی سەرجەم لایەکی گرتەوەو لە ڕۆژنامەکانی ئێراندا بە شێوازی جیا جیا باسیان لێوە دەکرد، وەهەوڵی دا پەیوەندی بەهێز لەگەڵ ئنگلیزدا دروست بکات بەمەبەستی هاوکاریکردنیان لە دژی تورک و فارسەکان. بەڵام دواتر سمکۆ هەڵوێستەکانی خۆی لەمەڕ بەریتانیاو فریودانی کورد و هاوکاری نەکردنەکانی بۆ بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و بەتایبەتیش لە باشووری کوردستان دا خستەڕوو، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئەحمەد تەقیدا. ئەم بارودۆخەی ژیانی سمکۆو هەوڵەکانی بەپێی هەڵبەزو دابەز لە دەسەڵاتیدا ڕوویداوە، کە ئەمەش بەئاشکرا لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا دا ئاماژەی پێکراوە و تێیدا هاتووە: "سمکۆ ڕەهبەرێکی کوردی بەناوبانگە، ساڵ و نیوێک دەبێت ناوی زۆر لەناو ناواندا نەماوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەموو کات لەوانەیە بێتەوە مەیدان و هێندەی شێخ محمود لەسلێمانی و باشوور گێرمەو کێشە بۆ حوکمەتی ئێران و تەنانەت عێراقیش دروست بکات". هەروەک لە بەڵگەنامەی بەریتانیەکاندا پێشبینی کرابوو وئاماژەی بۆکراوە، دەبینین دوای دوو ساڵێک، سمکۆ هاتەوە مەیدانی خەبات و لەساڵی ١٩٢٣دا چوو بۆ سلێمانی و سەردانی شێخ محمودی کرد بۆ باس و مەسەلەکان و ستراتیژیەتێکی هاوبەش بۆ بزووتنەوەی کوردایەتی لە کوردستاندا. بەڵام دوای ئەوەی ئێران لەسەر داوای تورکیا بڕیاری لێبوردن دەردەکات و لەساڵی ١٩٢٤دا جێبەجێی دەکات، دوای ساڵێک سمکۆ بەخۆیی و چەکدارەکانیەوە دەگەڕێتەوە نێوچەکانی خۆیان و لە (چەهریقە) نیشتەجێ دەبێت. لەڕاستی دا ئەمەش لەئاکامی سیاسەتی تاکتیکی ڕۆژی ڕەزاشای پەهلەوی بوو، بۆ هێمن ڕاگرتنی ئاسایشی نێوخۆی وڵات و تا خۆ قایم کردن و جێگیربوونی، ئینجا یەکلایی کردنەوەی نەیار و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، وەک چۆن دەبینین لەدواتردا بەرامبەر بە سمکۆ هەر وایکرد. دواتر سمکۆ لە ساڵی ١٩٢٨ جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ باشووری کوردستان و دەوڵەتی بەریتانیش داوای لە حکومەتی عێراق کرد کەوا هاوکاری ئێران بکات بۆ لە نێوبردنی سمکۆ، بۆیەش هەندێک وای بۆ دەچن کە کوژرانی سمکۆ دەستی بەریتانیەکانیشی تێدا بێت. وە لە مارسی ١٩٢٨دا ناچارکرا خاکی عێراق بەجێبهێڵێت، وە ڕووی لە تورکیا کرد، بەڵام ئەوانیش ڕێگایان لێگرتوو بەناچاری و بە زۆری هێز گەڕایەوە نێوچەکانی پێشووی خۆی لە عێراقدا، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات لەم قۆناغەدا سمکۆ لە هەلومەرجێکی زۆر ناخۆشدا بووە، چونکە هەرسێ دەوڵەتی تورکیا و عێراق و ئێران دژایەتیان کردووەو لە دژی وەستاون. دواتر ئێران وای بەباشتر زانی سمکۆ بگەڕێتەوە بۆ ئێران، لە ڕاستیشدا ئەمە بۆ لە ناوبردنی بوو، بەڵام سەرەتا کەسێکیان بەناوی (تەیمور ئاغا) نارده لایی و بەڵێنیان بۆ ناردبوو کەوا پارێزراو دەبێت گەر بە هێمنی لە نێوچەکانی خۆیاندا دابنیشێت، وە بۆ زیاتر بڕواهێنان بە سمکۆ بڕیارێکی لێخۆشبوونیشیان لە نێو قورئانێکدا بۆ ناردبوو تا پێوەی فریوی بدەن، بەمەش سمکۆ فریوی خواردو و لەهەمان کاتیشدا هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نەمابۆوە بۆ خۆ دەربازکردن، بۆیە بەناچاری دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. پاشان بەفێڵی بینینی ڕەزاشاو گفتوگۆ بانهێشتی دەکەن بۆ شاری شنۆ و سەرەنجام لەلایەن سوپای ئێرانەوە بە فەرمانی ڕەزاشا لە ڕۆژی ٢٠ی ژووییەی ١٩٣٠ ، تیرۆر دەکرێت و پاش لە ١١ ساڵ چالاکی چەکدارانە و سیاسی کۆتایی بەخۆیی و شۆڕش و ڕاپەڕینەکانیشی دەهێنن.
. دوای شەهیدکردنی سمکۆ تەرمەکەیان بردو شوێن بزریان کرد، کە تا ئێستا کەسوکاری نازانن لەچ گۆرستانیک دا نێژراوە، پێشتریش تەرمی جەوهەر ئاغای برای و محەمەد ئاغای باوکی لەلایەن فارس و تورکەکانەوە بەهەمان شێوە شوێن بزرکراوە.

سەرچاوە : سایتی داربەڕۆ





## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان [ ١٩٤٧ – ١٩٠٠ ]

لە بەرەبەیانی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی ( ٣٠ی مارسی ١٩٤٧ زایینی) دا پێشەوا قازی، حەمەحوسێن خان سەیفی قازی(ئامۆزای پێشەوا) و ئەبولقاسم سەدری قازی( برای پێشەوا) بە دوای حوکم دران لەدوو دادگای ناعادلانەو فەرمایشی دا بەدەستی چەپەڵی دوژمنانی گەلی کورد لە چوارچرای شاری مەهاباد، واتە هەر لەو شوێنەی کە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ هەتاوی( ٢٢ی ژانوییەی ١٩٤٦ زایینی) دا کۆماری کوردستانی لێ ڕاگەیەندرابوو، لە سێدارە دران و شەهید کران و هەر ئەو ڕۆژە لەسەر شان و پیلی خەڵکی بە شەرەفی مەهاباد لە گۆرستانی مەلا جامی بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردران.

حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨هەتاوی ( ٣٠ی مارسی ١٩٧٩ زایینی) ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی شەهیدانی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەگەر پێش ئەو دەم، لەبەر زەخت و زۆری بەکرێگیراوانی شای دیکتاتۆر مەجالی بەڕێوەبردنی ڕێورەسم بەو بۆنەیەوە نەبوو، بەڵام بە دوای ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی دا بە تایبەتی دوای ئەوەی کە حیزب ئەم ڕۆژەی بەو ناوە ناودێر کرد، هەموو ساڵێ لە وەها ڕۆژێک دا ڕێز لە شەهیدان و سەرقافلەیان پێشەوا قازی دەگیرێ و لە زۆر شوێن بە تایبەتی لەنێو کۆڕو کۆمەڵی حیزبیدا ڕێورەسم بەڕێوە دەچێ و پێشانگەی وێنەی شەهیدان پێک دێ.

ڕاستە پێشەوا قازی سەرکۆماری کوردستان و بەدیمەنترین کەسایەتیی موکریان بوو و لە هەموو ناوچەکان نێو بەدەرەوەو ناسراو بوو، بەڵام تا چەند ساڵ دوای شەهید کرانیشی بۆ گەلی کورد بە تێکڕا بەو شێوەیە کە دەبێ بناسرێ نەناسرابوو، یا ئەگەر ناسرابووش ئەو ڕێزەی لەو سەردەمەدا لێی دەگیرێ لێی نەدەگیرا. پێویستە زۆر لەوە زیاترلێ کۆڵینەوە لەسەر کەسایەتیی پێشەوا بکرێ تا بەو جۆرەی شیاوی ئەوە، بناسرێ.


سەرۆک کۆماری کوردستان
شەهید پێشەوا قازی محەممەد

قازی محەممەد کوڕی قازی عەلی، کوڕی میرزا قاسم قازی یە. ڕابردووی ئەو بنەماڵەیە لە شاری سابڵاغ بۆ چوار سەدە پێشتر دەگەڕێتەوە. ئەوان نە تەنیا لەلای خەڵک بەڵکوو لەلایەن دەسەڵاتداران و بەرپرسانی حکوومەتییش، جێگەی ڕێزو تەقدیر بوون. هەر بە بنەماڵە فازل و ئازادیخوازو نیشتمانپەروەر بوون. لەشەڕی یەکەمی جیهانی دا پیاوی وەک میرزا فەتتاحی قازییان لە بەرەنگاریی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ڕووسان لێ شەهید بوو، کوڕە لاوەکانیشی (سالارو محەممەد) بە دیل گیران و بۆ شوێنە دوورەکانی ڕووسیەی ئەو کات بەڕێ کران و تا شۆڕشی ئۆکتۆبر هەر لە ئەسارەت دابوون.

قازی عەلیی باوکی پێشەوا، لە ١٩٣٠ لە مەهاباد ڕێکخراوێکی کوردیی بە ناوی "بزووتنەوەی محمد" پێک هێنا. ناوبراو لەگەڵ جووڵانەوەی شێخ محمد خیابانی لە تەورێز پێوەندی‌یان هەبوو، تا ساڵی ١٩٣٤یش کە فەوتی کردوە لەسەر ئەو کارە بەردەوام بووە.

قازی عەلی، دوو کوڕی هەبووە، یەکیان ابوالقاسم قازی ناسراو بە سەدری قازی بووە کە یەک دوو دەورە لەلایەن خەڵکەوە کراوەتە نوێنەری مەجلیس و ئیعتیبار و نفووزێکی تایبەتی هەبووە. دوای تەواوبوونی دەورەکەشی لەسەر ڕاسپاردەی پێشەوا، بۆ ڕاپەراندنی کارە سیاسی یەکان و یاریدەدانی خەڵک هەر لە تاران مابۆوە.

قازی محەممەدیش کە ساڵی ١٩٠٠ی زایینی لەو بنەماڵە بە فەرهەنگە دا لەدایک بووە، هەر لە سەرەتای لاوی یەوە هەستی نیشتمانپەروەریی تێدا بە هێز بووەو زۆری عەلاقە بە خوێندنی علوومی کۆن و تازە هەبووەو زۆر زوو لەم بارەیەوە پێگەیشتوە و زۆری هەوڵ داوە زمانی بێگانانیش فێر بێ. جگە لە عەرەبی و فارسی و کوردی دەگەڵ زمانی فەرانسەیی و ئینگلیسی و تا ڕادەیەکیش ڕووسی ئاشنایەتیی هەبووە.

قازی محەممەد زۆری حەز بە تێکەڵاوی دەگەڵ ئەهلی فەزل و زانایانی زەمان و پیاو چاکان و کوردانی نیشتمانپەروەرو سەرۆک عەشیرەتەکان هەبووە.

بە دوای فەوتی باوکی دا بووە بە قازیی شار. لە بەر عەلاقەی زۆری بە کاری فەرهەنگی و بەرە و ژوور بردنی زانیاریی خەڵک، لە ساڵەکانی بەر لە ١٩٤١و دواتریش بۆ یەک دوو ساڵ بەرپرسایەتیی ئیدارەی فەرهەنگ و ئەوقافی شاری مەهابادی بە ئەستۆوە گرتوە و خزمەتی بەرچاوی فەرهەنگیی کردوە و لە کاتی بەرپرسایەتیی ئەودا، یەکەم مەدرەسەی کچان لە مەهاباد کراوەتەوە.

هەر لەو پێوەندی یەش دا دەگەڵ زۆربەی خوێندکاران، ڕۆشنبیران و مامۆستاکان زۆر نزیک بووە.

قازی محەممەد حورمەتی تایبەتیی بۆ دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک هەبووە. لە چەند ساڵ دەورەی بێ حکوومەتییش دا واتە لە ساڵی ١٩٤١وە تا ١٩٤٥ کە کۆماری کوردستان پێک هاتوە، مودیرییەتی ئەو لە بەڕێوەچوونی کاروبارەکان داو بە تایبەتی لە حەللی موشکیلاتی عەشیرەتی دا نەقشی بەرچاوی هەبوو. زۆر لە دامەزرێنەرانی ژ ـ ک مەشوەرەتیان لەگەڵ کردوەو زۆریان خۆش ویستوە و گەلێکیان هەوڵ دەگەڵ داوە تا ببێتە ئەندامی ژ ـ ک. زۆر لە گرێوگۆڵی کاری ڕۆژانەی خەڵک لە دیوانی ئەودا کە "مەحکەمەیان" پێ گوتوە، کراونەوە.

قازی لە ڕوانگەی نوێنەرانی بیگانەشەوە کە ئەوکات ئێرانیان لەنێو خۆیان دا دابەش کردبوو حورمەتی تایبەتیی هەبووە. هەر کەس چۆتە مەهاباد تێکۆشاوە بەر لە هەموو کەس چاوی بە ناوبراو بکەوێ. بانگ کرانی بۆ سۆڤیەت هەر لەم پێوەندی یەدا بووە، کە دەگەڵ هەیئەتێکی گەورە چۆتە باکۆ. قازی محەممەد کە بوو بە ئەندامی "کۆمەڵەی ژ ـ ک"و ناوی نهێنیی "بینایی" بۆ دانرا، ئومێدێکی زیاتری بۆ بەرپرسان و خەڵک ئیجاد کرد. لە ئاکامی دەرکی بە وەخت و شەهامەتی سیاسیی ئەو و بە قەناعەت گەیشتنی بەرپرسانی کۆمەڵە دا بوو کە "ژ.

ک" بوو بە "حیزبی دێمۆکراتی کوردستان"و وەک حیزبێکی دێمۆکرات و پێشکەوتوو دەستی کرد بە تێکۆشان. قازی لەبەر حورمەتی تایبەتی کە بۆ "ژ.ک"ی هەبوو, بناغەی دامەزرانی حیزبی دێمۆکراتیشی هەر بە ٢٥ی گەلاوێژ بنچینەی دامەزرانی ژ.ک دانا و هەر بۆیەش سەرنجی زۆربەی نیزیک بە تەواوی بەرپرسانی بۆ تێکۆشان لەنێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان راکێشا. حیزب زۆر بە توندی پەلوپۆی هاویشت و تێکۆشانی لە هەموو ناوچەی ئازادی کوردستان دا پەرەی سەند. قەیرانی بە زۆر لکاندنی کوردستانی بە ئازەربایجانەوە حەل کردو مەجبووری کردن حیسابی جیاواز بۆ کوردستان بکەن. بە دوای بەستنی یەکەم کۆنگرەدا, لە ٢ی ڕێبەندانی١٣٢٤ی هەتاوی ( ٣٠ی مارسی ١٩٤٦ ) دا بە بەشداریی نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان و مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆک عەشیرەت و نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان پێکهاتنی یەکەم کۆماری کوردستانی راگەیاند.

ئەگەر تا ئەودەم جارجار لە رۆژنامەی "کوردستان"دا بە ناوی پێشەوا باسی لێ دەکرا, لە دوای دامەزرانی کۆمارەوە بە شێوەی رەسمی عینوانی پێشەوایی پێ بەخشراو ئەو ناوە تا ئێستاش لەنێو کۆڕوکۆمەڵی خەڵک دا هەر باوە.

پێشەوا مرۆڤێکی گەلێک بە فەرهەنگ, بێ دەعیە, دڵساف, خۆش بەیان, ئەدەب و هونەر دۆست, ئەهلی مەشوەرەت و لە عەینی کات دا سیاسی و دێمۆکراتێکی نیشتمانپەروەر و گەل خۆشەویست بوو, لەگەڵ هەموو چین و توێژێک جۆشی دەخواردو لە کاتی پێویست دا لە هەست و هێزیان کەڵکی وەردەگرت.

قازی محەممەد برایەتی و یەکگرتوویی کوردی پێ گەورەترین هۆی سەرکەوتن بوو. هەربۆیە لە زۆربەی وتارەکانی کە لە رۆژنامەی "کوردستان"ی ئەوکات دا چاپ کراون لەسەر مەسەلەی یەکیەتی و برایەتی دواوە و بە مەرجی سەرکەوتن و کۆڵەکەی راگرتنی کۆمارو هۆی سەرکەوتن بەسەر دوژمنانی دا زانیوە.

هەرچەند دەیزانی دوژمنەکانی کورد راست ناکەن بەڵام لە وتوویژ دا زۆر بە راشکاوی رای دەگەیاند کورد حەز دەکا لە رێگای ئاشتی بە مافی خۆی بگا, بەڵام ئەگەر وا نەبێ ئەوەی بۆی بکرێ دەیکا.

ئەوەی پێویست بوو زۆر بە راشکاوی بە شاو قەوامی راگەیاندوە, قامکی لەسەر زەعفەکانیان بەرانبەر بە گەلی کورد داناوە. بە ئاشکرا پێی گوتون, ئێوە لە قسەکانی خۆتان دا دوو دڵن و ناتانەوێ مەسەلەی کوردستان حەل بکەن.




کاتێک پێشەوا لەلایەن "قوام السلطنە" بۆ تاران دەعوەت دەکرێ و لە رێکەوتی ٢٨ی ژوئەنی ١٩٤٦ دەچێتە تاران, لەلایەن ژمارەیەک لە وەزیران, نوێنەرانی پارلمانو نوێنەری کوردەکانی تارانو نوێنەری حیزبەکان و یەکیەتیی کرێکاران لە فرۆکەخانە پێشوازیی لێ دەکرێ.

رۆژنامەی "ایران ما" هەر ئەوکات دەنووسێ: "ئێستا کە قازی محەممەد لە تارانەو ئازادیخوازان چاویان پێی کەوتوە, دەردەکەوێ کە بیروڕای ئەو بەرقەراریی ئازادی و دێمۆکراسیەت لە تەواوی ئێران دایە و, مافی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانی بۆ نەتەوەی کوردیش لە گۆڕێ دایە. هەر کارێکی بە سوودی دێمۆکراسیەت بێ لەلایەن پێشەوای کوردستانەوە بە دڵەوە پێشوازی لێ دەکرێ. هیواداریین جەنابی قەوام لەو سەفەرە مێژوویی یە کەڵک وەرگرێ."

ئەو لە کاتی ماڵئاوایی لەگەڵ مەلا مستەفا دەڵێ: "من خۆم فیدای خەڵکی دەکەمو هیچ کات وەک پیشەوەری و سەرانی ئازەربایجان ناکەم تا وڵاتەکەم لە خوێن دا شەڵاڵ بێ و هەزاران کەس بە کوشت بچن."

پێشەواو هاوڕێیانی ئەوەندەی لە ماوەی یازدە مانگی کۆماردا هەوڵیان دا, هەر ئەوەندەش لەو دادگا فەرمایشی‌یانەی بۆ موحاکەمە کردنیان داندرا بوو, لە خۆبردوویی و ئازایەتی یان لە خۆیان نیشان داوە.

لەگەڵ هەموو نارەحەتیی دەروونی و ئەو ژیانە تاڵەی کە لە بەندیخانەی پادگانی مەهاباد دا بۆیان پێک هاتبوو, نە تەنیا بڕوایان بە کوردایەتی و رزگاری, لاواز نەبوو بەڵکو زۆر جیددیترو بە ورەتر ببوون.

ئەوان لە مولاقاتێکی نهێنی دا کە لەگەڵ یەک دوو مرۆڤی جێی باوەڕ بوویانە, فەرموویانە: "ئێمەیان فریودا, با نەتەوەی کورد فریو نەخواو خەباتی خۆی بۆ رزگاری و سەربەستی درێژە بداو چەک دانەنێ". هەروەها گوتبوویان کە زۆریان زەخت خستووینە سەر تا نامەیەک بۆ مەلا مستەفا بنووسین دەست هەڵ بگرێ. بەڵام ئێمە نەتەنیا شتی وا نانووسین بەڵکوو پێمان وایە ئەوەی بۆی دەکرێ دەبێ دەگەڵ ئەو ناپیاوانە بیکا.

ئازایەتی یان لە دادگاکان دا بە رادەیەک بووە کە ئەفسەرەکان سەریان سوڕماوە. لە راستی دا ئەو دادگایە ئەمریکاو ئینگلیسیشی لە پشت بوو. هەرچەند جگە لە کاربەدەستانی خۆیان کەسی غەریبەی لێ نەبووە, بەڵام هەر لە رێگای ئەوانەوە زۆر شت بڵاو بۆتەوە کە پێویستە بیزانین.

پێشەوا هەر جارێک لەو دوو جارە کە بە ناو دادگایی کراوە زیاتر لە چوار سەعات قسەی کردوە و بە قەولی سەروان شەریفی کە وەکیلی بووە "ئەوە قازی محەممەد بووە کە حکوومەتی موحاکەمە کردوەو لە هەموو بوارێکەوە هێناویەتە ژێر پرسیار".

رۆژنامەی "ئازادی" کە لەو سەردەم دا لە بەغدا بە زمانی کوردی دەردەچوو, لەمەر پشتگیریی ئەمریکا و ئینگلیس لەو موحاکەمەیە نوسیبووی: "ئیستیعماری ئینگلیس و ئەمریکا لە وجوودی قازی محەممەد وهاوڕێکانی دا دوژمنی هەرە سەرسەختی خۆیان دەدی. ئومێدیان هەبوو بتوانن بە چۆکیان دابێنن و لە بەندیخانەش نوێنەرەکانیان چوون دەگەڵیان دوان تا بتوانن بۆ لای

خۆیانیان رابکێشن, بەڵام هیچ کات سەرکەوتوو نەبوون. دواتریش رۆژنامەی "ئازەربایجان" لە باکۆ نوسیبووی قازی محەممەد بە نوێنەری ئەمریکا (جورج ئالێن)ی گوتبوو, گەلی کورد چاوەڕوانیی هیچ چاکەیەکی لە وڵاتانی ئیستیعماری نیە.

"نەجەفقولیی پەسیان" وتەکانی پێشەوا لە دادگادا لە چەند رستە دا خولاسە دەکاتەوەو دەنووسێ: "لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت: "من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیرکردووین"

رۆژنامەنووسێکی دیکە بە نێوی "سلیمان.خ" لە نووسراوەکانی دا دەڵێ, قازی گوتی: "تەواوی ئەم بەسەرهات و رووداوانە ئاکامی سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتە. ئەگەر دەوڵەت تەواوی کوردان بەخائین دەزانێ با دەست لەو مەڵبەندە هەڵ بگرێ, ئەگەر بە نیشتمانپەروەریشیان دەزانێ با لێ بگەرێ خۆیان کاروباری خۆیان بگرنە دەست."

لە بەڵگەو رۆژنامەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو دا زۆر شت لەم بابەتانە نووسراون و لە زمان ئەفسەرە ئێرانی یەکانەوە دەگێڕنەوە کە قازی گوتویە: "ئەو رووداوانە لە ئاکامی ئەوەی دابووە کە ئێوە خۆتان قانوونی بنەڕەتیتان لە ژێر پێ ناوە. ئێستاش من تەنیا خۆم دامەزرێنەری دێمۆکراسیەت لە کوردستانم و هیچ هێزێکی بیگانە منی هان نەداوە. بێبەشیی کورد منی بۆ بەرێو ەبردنی ئەو کارانە هان داوە."

کاتێک سەرۆکی دادگا یا دادستان بە خەیانەت تاوانباریان دەکا لە وەڵام دا دەڵێ: "ئێرە ماڵی منە, خاکی کوردستان خاکی باب و باپیرو ئەجدادی منە چۆن دەتوانم دەستی لێ هەڵگرم.

ئەگەر موحاکەمەی یەکەم لە ١٩ی مانگی ژانویە دەستی پێ کردو چەند رۆژی خایاندو حوکمی ئیعدامی قازیەکانی دا, موحاکەمەی دووهەم لە ٢٨ی مارسی ١٩٤٧ واتە ٧ی خاکەلێوە دەستی پێ کردو رۆژی ٣٠ی مارس کۆتایی پێهات.

گۆڤاری "خەباتی قوتابیان" ژمارە ٣٧ لەم دوایانەدا لە زمان سەروان کیومەرس سالحی هەواڵنێری گۆڤاری ئەرتەش کە لە دادگاکەدا بووەو دوایە لەسەر نووسینی راپۆرتێک لەو پێوەندی یەدا دەگیرێ و ساڵێک دەبەندیخانەدا دەمێنێتەوە, هێندێک رستە لە وتەکانی پێشەوای بڵاو کردەوە.

پێشەوا فەرموویە: "من لە زووەوە خۆم بۆ ئەوە ئامادە کردوە, بە باوەشی ئاواڵەوە پێشوازی لەو مردنە سەربەرزانەیە دەکەم کە لە رێگای ئازادیی میللەتەکەم دا دەکوژرێم. ئەوە بەڵێنێکە کە بە نەتەوەکەمم داوە لەگەڵیان بژیم و بۆ ئەوانیش بمرم, تازە چۆن ئامادەم بەڵێنی خۆم بشکێنم."

سەروان کیومەرس هەروەها دەنووسێ: "من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازی وەک هەواڵنێر بەشداریم کردوە بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە رادەی قازی محەممەد بە جەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگایی کردن دا نەیدەزانی ترس چیە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکردو وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە."

هەر ئەو بە جەرگی و لەخۆبردوویی یەش بوو کە لە پای سێدارە ئیزنی نەدا چاوی ببەستن و فەرمووی: "حەز دەکەم لە ئاخرین چرکەی ژیانیشم دا بە سەربەرزی و چاوی کراوەوە لە نیشتمانی خۆشەویستم بروانم." هەروەها فەرموویەتی:

"ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو رزگاریی کوردستان دا پەک نەخات, باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

===========================================================================

## کورتەیەک لە ژیننامەی شەهید عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد توفیق) [ ١٩٧٣ - ١٩٣١ ]



ئەحمەد تۆفیق، ناوە ڕاستەقینەکەی عەبدوڵڵا یە، کوڕی سەید حەمەدمینی ئیسحاقی یە. لە ساڵی ١٣١٠ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٩٣١ زایینی لە گەڕەکی هەرمەنیانی شاری مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. ئەو سێ برا و دوو خوشکی هەبوو، کە بەپێی تەمەنیان بریتی بوون لە: محەممەد، حوسێن، خودی عەبدوڵڵا، مستەفا، سەیزادە خونچە و سەیزادە کەلسوم. دایکی لە مەنگوڕەکانی مەهاباد بوو. باوکی ماوەیەک لە مەهاباد کاری قەسابی دەکرد و پاشتر بە کاری چێوداریییەوە خەریک و لەو ڕێگەیەوە بژێوی خێزانەکەی دابین دەکرد.

ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٨دا لە خوێندنگەی سەرەتایی پەهلەوی لە مەهاباد خرایەبەر خوێندن. پتر لە ساڵێکی نەبرد کە هەلومەرجی جیهان و ناوچەکە بەرەو ئاڵۆزییەکی توند ڕۆیی. هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهان و بەهێزبوونی خێرای پێوەندییەکانی ئێرانی شاهەنشاهی و ئەڵمانیای نازیی و زیادبوونی فشاری ڕێژیمی ڕەزاشا لە نێوخۆی وڵات، تا دەهات دۆخی سیاسیی ئێران و ناوچەکەی ئاڵۆزتر دەکرد. بەتایبەت پەلامار و داگیرکردنی ئێران لەلایەن هێزە هاوپەیمانەکانی شورەوی و بریتانیاوە لە ٢٥ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤١دا، کە ئاکامەکانی بە ڕووخاندنی ڕێژیمی دیکتاتۆری بیست ساڵەی ڕەزاشا و لەبەریەک هەڵوەشاندنی لەشکری شاهەنشاهی کۆتایی هات. بەوەش ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە هەلومەرجی گشتیی ئێران و تایبەتی کوردستان و هەرێمی موکریان دەستیپێکرد.

ڕووداوەکانی ساڵانی ١٩٤١ - ١٩٤٦ی شاری مەهاباد، کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر لاوانی ئەو شارە بەگشتی و لەسەر ڕۆحییەت و کەسایەتی ئەحمەد تۆفیق بەتایبەتی هەبوو. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتی نیزامی لەو شارە، دەست پێکردنەوەی چالاکیی سیاسیی، بووژاندنەوەی هۆشی نەتەوایەتی، دامەزراندن و تێکۆشانی چەند ڕێکخراوی ئازادیخوازانە و ناسیۆنالیستی کوردیی، وەک 'حیزبی





ئازادیی کوردستان' و 'کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان' (ژ. ک.) و پاشتر 'حیزبی دێموکراتی کوردستان' و پەرەسەندنی شەپۆلی خەباتی نەتەوایەتی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی ئازادی و مافە نەتەوایەتییەکاندا، هەلومەرجێکی تایبەتی لە مەهاباد هێنابووە ئارا. ئەو هەلومەرجە بەخێرایی لاوانی خوێنگەرمی مەهابادی بۆ کۆڕی بەشداری و تێکۆشان ڕادەکێشا.



شەهید ئەحمەد توفیق

ئەحمەد کە ئەو کات لە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوو، بەزوویی تێکەڵاوی چالاکییە خوێندکارییەکانی لاوانی مەهاباد بوو. بەتایبەتی لەدوای دامەزراندنی 'سازمانی جەوانانی کورد'، لەلایەن ژمارەیەک لە خوێندکارانی 'دەبیرستانی پەهلەوی' وەک: غەنی بلوریان، عەلی مەولەوی، سەدیقی سیاسەری... هتد، لە نێوەڕاستی شوباتی (فیۆرییەی )ساڵی ١٩٤٢دا. ئەو ڕێکخراوە یانەیەکیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو، خەریکی چالاکیی ڕۆشنبیریی و کۆڕی شیعرخوێندنەوە بوون و لە پاش دامەزراندنی کۆمەڵی ژ. ک. لە ١٦ی ئابی (ئاگوستی) ١٩٤٢دا، بوونە بەشێک لە 'ڕێکخراوی لاوانی ژ. ک. و پاشتریش 'ڕێکخراوی لاوانی دێموکرات' .

پاش ئەوەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ. ک ) بە مەبەستی فێرکردنی منداڵانی کورد بە نووسین و خوێندنەوەی زمانی زگماکیان و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی، هەستا بە دامەزراندنی دوو خوێندنگەی شەوانە لە شاری مەهاباد، یەکێکیان بە ناوی 'گەلاوێژ' و ئەوی دیکەیان بە ناوی 'ئازادی'. ئەحمەد خۆی لە خوێندنگەی گەلاوێژ ناونووس کرد و شەوانە بۆ فێربوونی نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردی ڕووی لەو خوێندنگەیە دەکرد کە لە گەڕەکی 'قولە قەبران'ی شاری مەهاباد و سەرەتا لە ماڵی حاجی ئەحمەدی گادانی و پاشتریش بۆ ماڵی سەید عەبدوڵڵای تەهازادە گوێزرایەوە. ئەو خوێندنگەیە لەلایەن مەلا عەبدوڵڵای داودی کە ناسراوە بە 'مەلای حەجۆکی' و بەرپرسی کۆمیتەی کۆمەڵەی ژ. ک. ی شاری مەهاباد بوو دەبرابەڕێوە. لەڕاستیدا ئەو خوێندنگەیە جگە لە فێربوونی زمانی کوردی، شوێنی خوێندنەوەی شیعر و وتاری حەماسی نەتەوەیی بوو و لەڕووی پەروەردەییەوە نەخشی لە پەرەپێدانی هەستی نەتەوەیی خوێندکارانیدا هەبوو.

پێویستە بگوترێت وێڕای ئەو نائارامییەی کە لەدوای داگیرکردنی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگا سەربازییەکانی ڕێژیمی شاهەنشاهی سەراسەری وڵاتی تێوەگلابوو، شاری مەهاباد بەدرێژایی ساڵەکانی جەنگی دووەمی جیهانی نموونەیەکی ئاساییش و ئارامی بوو. بەشێکی ئەو ئارامییە بەهۆی هەڵوێستی دڵسۆزی گەورەپیاوانی شارەوە بوو. ئەوانەی لە ترسی پەلاماری تاڵانخوازی عەشیرەتە چەکدارەکانی دەوروبەری شار، وەک بەشێک لە پاشماوەکانی ڕۆژانی کێشەی 'کۆچەر و نیشتەجێکان' هەڵسان بە پێکهێنانی دەستەی چەکداری کێشکچی کە ئەرکی پاراستنی ئاساییشی شەو و ڕۆژی شاریان گرتەئەستۆ و ئامادە بوون بەرپەرچی هەر پێشهاتێکی لەناکاو بدەنەوە، هێمنی شارەکە تێکبدات. ئەم هەوڵانەش لەژێر چاودێریی و ڕێنیشاندەری کەسایەتیی ڕێزدار و دڵسۆزی شار، محەممەدی قازی، کە دواتر بە پێشەوا قازی محەممەد، ناوبانگی دەرکرد، دەچوو بەڕێوە .

شایەنی باسە، ئەحمەد وەک لاوێکی خوێنگەرم و ئەندامێکی سازمانی جەوانان بەپەرۆشەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا شەو و ڕۆژ بەنێو کۆڵان و شەقامەکانی نێو شاردا دەسووڕان و وەک پاسەوانێکی هەمیشەئامادە ڕۆڵیان لە ئارامی شاردا دەبینی. بۆ ئەو مەبەستەش سازمانی جەوانان تفەنگێکیان بە ئەحمەد بەخشیبوو کە دەگونجێت ئەوە یەکەمین دەرفەت و ئەزموون بێت بۆ ئەحمەد لەگەڵ چەک و کاری چەکدارییدا.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی جووڵانەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی ئێران وەرچەرخانێکی گەورەی بەخۆوەدی و پێی خستە قۆناغێکی گرنگ و نوێی مێژووییەوە، بە چەشنێک زەمینەی گونجاوی بۆ ڕەخسا کە دەسەڵاتی سیاسیی بگرێتەدەست. ئەویش بە دامەزراندنی 'جەمهوریەتی کوردستان' بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد، کە پایتەختەکەی شاری مەهاباد بوو، لە ٢٢ی کانونی دووەمی (ژانوییە)ی ١٩٤٦دا . لەڕاستیدا ئەو ئەزموونە نەک هەر مۆرێکی قووڵی لە جووڵانەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا بەڵکو کاریگەرییەکی قووڵیشی لەسەر ڕۆحییەتی لاوانی ئەودەمی کوردستان بەگشتی و شاری مەهاباد بەتایبەتی هەبوو. ئەو ڕۆحییەتەی کە بە داگیرکردنەوەی مەهاباد لەلایەن لەشکری شاهەنشاهی و لەسێدارە دانی پێشەوا قازی و هاوڕێیانی لە مەیدانی چوارچرای مەهاباددا و ڕووخاندنی کۆمارە ساواکە تووشی شۆک و هوروژانێکی توند هات.

دانا ئادەمز شمدت، ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئەمریکایی، لەو بارەیەوە سەبارەت بە ئەحمەد تۆفیق نووسیویە "ئەحمەد لاو بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٤٧دا هەڵواسینی تەرمی قازی محەممەد و خزمەکانی لە مەیدانی شارەکەدا دیتبوو، ئەو دیمەنە بە شێوەیەکی وا تەزاندبووی کە بەدرێژایی تەمەنی لەبەرچاوی ون نەدەبوو. قازی محەممەد پاڵەوانی ئەو بوو، کاری ئەو لەو کاتەدا گەیاندنی نامە بوو بۆ سەرۆککۆمار، زۆر شانازیشی بەوەوە دەکرد کە دوو جار لەلایەن سەرۆککۆمارەوە ستایش کراوە. جارێکیان بەهۆی ئەوەی کە نەیهێشتووە کابرایەکی نەناسراوی بێ پێناس بچێتە نێو بارەگای حیزب و ئەوی دیکەشی بەهۆی هاوکاریکردنی لە دانان و دیزاینی ئارمی نیشتمانی کوردی دا".

هەر لێرەدا ڕاستییەک هەیە کە دەبێت ئاماژەی بۆ بکرێت، ئەویش ئەوەیە کە بنەماڵەی ئیسحاقی بۆ کوردایەتی قوربانیدەر بوون، سەید محەممەدی ئیسحاقی، برا گەورەی ئەحمەد، ئەندامی کۆمەڵەی ژ. ک. و دۆست و هاوڕێی حوسێنی فروهەر، دامەزرێنەر و سەرۆکی کۆمەڵە، بوو. سەید محەممەد لە دەورانی جەمهوری کوردستاندا ئەفسەری سوپای دێموکراتی کوردستان و سەرکردەیی ستادی میاندواوی لە ئەستۆدا بوو. پاش ڕووخاندنی حکومەتی کوردستان و شاڵاوی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی شاهەنشاهی، سەید محەممەدیش وەبەر ئەو پەلامارە کەوت و پێنج ساڵ زیندانی و دوو ساڵ دوورخستنەوەی پێبڕا. پاش ئازادبوونی دووبارە کەوتەوە بەر ڕاوەدوونانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم، هەربۆیە چەند ساڵ لە ناوچەی مەنگوڕایەتی خۆی شاردبووەوە تا دواتر لە پەلامارەکانی ساڵی ١٩٥٩دا لەگەڵ سەید حوسێنی برای و سەید ڕەحمانی برازای ڕاپێچی زیندانە تاریکەکانی ساواک کران. سەید محەممەد





حەوت ساڵی دیکە لە زیندان ڕاگیرا و بەهۆی ئەشکەنجە و لێدانەوە پێیەکانی فەلەج بوون، پاش دەرکردنی لە زیندان شەش ساڵی دیکە دوورخرایەوە تا سەرئەنجام لە ساڵی ۱۹۷۸دا بەدەم ئازار و نەخۆشییەوە گیانی سپارد.

هەروەها سەید مستەفا ئیسحاقی، برابچوکی ئەحمەد، لەژێر کاریگەری و بە ڕێنمایی ئەحمەدی برای لەگەڵ چەند خوێندکاری دیکەی زانکۆی تاراندا وەک: عەزیز ژیان، حەسەن باباتاهیری، ئەمیر قازی، حەمەدمینی سیراجی، فاتیحی شێخولئیسلامی و سەلاحودینی موهتەدی 'کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد'یان دامەزراند؛ ئەو کۆمەڵەیەی ڕۆڵێکی باشی گێڕا لە کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران لە دەوری خۆی و پەروەردەکردنیان بە گیان و شێوەیەکی کوردانە جگە لەو هاوکاری و پشتگیرییەی کە کۆمەڵەی ناوبراو بە قازانجی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان پێشکەشی دەکرد، مەسەلەیەکی وا کە پاشتر لە بارەیەوە دەدوێین. هەربۆیە سەید مستەفا و هاوڕێیانی کەوتنەبەر پەلاماری دەزگای سازمانی ئەمنیەت و لە ساڵی ۱۹۶۱دا ڕاپێچی زیندانی قزل قلعە لە تاران کران .

* پاش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلولی (سپتامبری) ساڵی ۱۹۶۱ بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی و پەیوەستبوونی ئەحمەد تۆفیق بەو شۆڕشە، نابراو داوای لە خزمانی کرد بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش خۆ بگەێننە باشووری کوردستان. ئەوە بوو سەید حەسەنی کوڕی سەید حوسێنی برای و دوو خوشکەزای دیکەی بە ناوەکانی مەلاغەفور و حەسەن ئیبراهیمی بۆ پێشمەرگایەتی ڕوویان لە باشووری کوردستان کرد.

* لێرەدا دەتوانرێت ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەی کە کۆمیتەی مەهابادی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بۆنەی دەرچوونی بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتدا لە ١ی ئایاری ( مای)١٩٥١دا و لە مەیدانی چوارچرای شاری مەهاباد ئەنجامیاندا، بە یەکەمین خۆپیشاندانی سیاسیی و جەماوەریی ئاشکرای حیزبی دێموکرات لەقەڵەم بدرێت لەدوای ڕووخاندنی کۆمارەوە. شایەنی باسە، ئەحمەد تۆفیق چ لە ئامادەکردن و چ لە ڕێبەرایەتیکردنی خۆپیشاندانەکە کە زیاتر لە سێ هەزار لاوی شاری مەهاباد بوون، ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو. ناوبراو بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خۆپیشاندانەکە سەرەتا لەگەڵ غەنی بلوریان چوونە لای سەرگورد پەنبە بەگوش، سەرۆکی شارەوانی، و دواتریش لەگەڵ عەزیزی حیسامی چووبوونە لای فەرماندەی تیپی مەهاباد، سرهنگ وەفا و توانیبوویان چاوپۆشی لێپرسراوان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە مسۆگەر بکەن. پاش ئەوەی خۆپیشاندان دەستیپێکرد، ئەحمەد تۆفیق لە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەران بوو؛ ئەو خۆپیشاندانەی کە بەبێ گیروگرفت کۆتایی هات.

* کاتێکیش مەسەلەی ریفراندۆم سەبارەت بە هێشتنەوە یاخود هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شازدە لە سەرەتای ئابی (ئاگوستی) ١٩٥٣دا لە ئێراندا هاتەگۆڕێ، حیزبی تودە و شاخەکەی لە کوردستان بڕیاریاندا هانی خەڵک بدەن بە قازانجی موسەدیق بە (بەڵێ) بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس دەنگ بدەن. شایەنی باسە ئەحمەد تۆفیق یەکێک لەو کەسانە بوو کە حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد دا دەستنیشانی کردبوون تا کۆبوونەوە بە خەڵکی شار بکەن و دەربارەی ریفراندۆم پێویستی دەنگدان بە بەڵێ لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس بۆ خەڵک قسان بکەن. ئەحمەد لە ڕۆژی ریفراندۆم دا و لە نێزیک سندوقی دەنگدان و لەبەر مزگەوتی هەباس ئاغای مەهاباد خەڵکێکی زۆری کۆکردبۆوە و هانی دەدان لەپێناو هەڵوەشاندنەوەی مەجلیسی شاپەرستەکان دەنگ بدەن[. دیارە زۆرینەی دەنگەکانی مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی مەجلیس و بە قازانجی موسەدیق کۆتایی هات.

* هەروەها بە لێپرسراوێتی ئەحمەد تۆفیق ئەندامی کۆمیتەی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە مەبەستی بەشداریکردنی لاوانی سەرتاسەری ئێران و پێشوازیکردن لە فێستیڤاڵی چوارەمی لاوانی جیهان، لاوان و خوێنکارانی شاری مەهاباد لە ٦ی حوزەیرانی (ژووئەنی) ١٩٥٣دا لە باخی میکایل دەستیان بە ئاهەنگگێڕان کرد. سەرتیپ زەنگەنە، فەرماندەی تیپی مەهاباد، بە بیستنی ئەو هەواڵە هێزێک بە ڕابەری سەرگورد رادپور دەنێرێتەسەر ئاهەنگگێڕەکان. هێزەکە بە گەیشتنی بۆنێو باخی میکایل پەلاماری لاوان دەدات و ڕەهێڵەی گوللە بە ناویاندا دەکات. سەرئەنجام لاوێک بە ناوی حەسەنی ڕەمەزانی دەکوژرێت و ژمارەیەکی دیکەشیان لێ بریندار دەکرێن و هێندێکیشیان لێ دەگیرێن.

* سەبارەت بە بڕیاری سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتیش، ڕێبەرایەتیی حیزب لە بەهاری ساڵی ١٩٥٥دا لە تاران کۆبوونەوە و بەگشتی بڕیاریاندا پێوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ حیزبی تودەدا بپچڕێنن و نامەیەکی ڕەخنەئامێزیش سەبارەت بە بێهەڵوێستی حیزبی تودە لەمەڕ کودەتای ١٩ی ئاب (ئاگوست ) بنووسن و حیزبی کۆمۆنیستی شووەروی لێ ئاگادار بکەنەوە؛ ئەو بڕیارەی لە یەکەمین کۆنفرانسی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە ناوچەی لاجان و لە مایسی ١٩٥٥دا جەختی لەسەر کرایەوە و هەنگاوی بۆ نرا.

ئەحمەد تۆفیق کە ئەوکات بە نهێنی لە شاری سنە و لە ماڵی عوبێدی خالقی کاری حیزبی دەکرد، پاش مەترسیی ئاشکرابوونی، بە بڕیاری حیزبی گەڕایەوە مەهاباد و ئەرکی بەڕێوەبردنی کۆمیتەی مەهابادی پێسپێردرا. ناوبراو وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب بەتوندی پشتگیریی لە سەربەخۆیی حیزب و گەڕانەوە بۆسەر خەتی ڕەسەنی نەتەوایەتیی دەکرد لە بەرامبەر ئەندامە تودەکرات و کۆسمۆپۆلیتییەکاندا.

* لەڕاستیدا، دوای تێپەڕبوونی نۆزدە ساڵ بەسەر کۆنگرەی یەکەم و ژیانێکی پڕ هەوراز و نشێودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسایەی ڕێبەرایەتی ئەحمەد تۆفیق، دووەمین کۆنگرەی خۆی لە ١٩ی تشرینی دووەمی (نوامبری) ساڵی ١٩٦٤ لە گوندی سونێی ناوچەی پشدەری کوردستانی عێراق، لە کەشوهەوایەکی سارد و لەژێر سێ دەواری گەورە کە بە ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان و وێنەی پێشەوا قازی محەممەد و ڕابەرانی دیکەی ڕێگای کوردایەتی ڕازێنرابۆوە، دەستپێکرد.لەم کۆنگرەیەدا ئەحمەد توفیق وەک سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا.

* ئەحمەد تۆفیق کە لە سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٢دا لەلایەن پیاوانی ئەمنی عێراقەوە گیرا، نزیکەی هەشت مانگ لە زیندانی 'ئەبو غرێب' لەژێر لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدا هێشتیانەوە. ئەو جگە لە تاهیری گاردی، کەسی دیکەی لەگەڵدا نەبوو. تاهیر درێژەی ئەو لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجەدانەی لە وتووێژێکدا باسکردووە و دەڵێت: "لە زیندانی قەسری نیهایە... تا کاک ئەحمەد مرد پێکەوە بووین، هیچ کەسی دیکەمان لەگەڵ نەبوو. دیوەکانیش ٢ میتر لە ٢ میتردا بوون... لە دیوەکەی چاویان کە کردینەوە هەموو گیانمان بە لێدان شین و ڕەش ببۆوە. ئەحمەد زۆر لە من خراپتر بوو. پرسیم کە بۆ وا نارەحەتی و نەفەست نایە؟ گوتی یەک نەفەر لەسەر سینگم دانیشتووە، قورسایی ئەو کە نازانم ئینسان بوو یا بەرد بوو، ئەمنی کوشت. پاش مانگێک کەمتر کاک ئەحمەدیان برد. دوایە کە هێنایانەوە حاڵی زۆر خراپ بوو و خێرا خێرا هەناسەی دەکێشا. گریانم بۆی دەهات... لێم پرسی چییان لێکردی، گوتی: کوشتیانم! هەرچی ئەمن لەگەڵ خۆم لە بەغدا کردوومە ئەویان لێ پرسیوم! گوتیان تۆ هاوکاری مەلا مستەفات کردووە. گوتم: نەمکردووە، پێشتر کردوومە و دەبێ بیکەم و من پەناهەندەی سیاسییم و وەزیفەشە، دژی شای ئێران بم، نەک دژی ئێوە... ئەوەی ئێوە لەگەڵ ئەمنی دەکەن تاتار و هیتلەریش نەیکردووە... یەکیان گوتی: ئەحمەد تۆ زۆر زمانت درێژە ئێرە لای مەلا مستەفا نییە".

تاهیر لە وتووێژە کەیدا بەدرێژی باس لە ئەشکەنجەدانی ئەحمەد تۆفیق و خۆی دەکات کە چۆن نینۆکەکانی قاچیان دەرهێناون، دواتر دێتەسەر چوونی سەعدون غێدان و عبدالخاق سامەڕایی بۆلای ئەحمەد تۆفیق، چۆن داوای ئەوەیان لە ئەحمەد کردووە گەر وتار دژی مەلا مستەفا بنووسێت ئازادی دەکەن. تاهیر دەڵێت: "ئەحمەد تۆفیق گوتی: ئێستاش بڵێن لەسەر شای بنووسە. هیچیشم نەدەنێ دەینووسم، بەڵام قامکەکانیشم بدەم لەسەر مەلا مستەفا ئەوەی داوای لێدەکەم نایینووسم... ئەوە لەمن بەدوورە! ئەوانەی ئەهلی کەیفن، ئەوانەی دەتوانن،

ئەمن ناتوانم. ئەمن نانی میللەتی کوردم خواردووە، چاویشم بە نانی ئەوان پشکوتووە، قەولیشم بەوان داوە کە لەسەر ئەوان بمرم خیانەتیان پێ ناکەم... ئەمن چەندەی لەو زیندانەیدا بم ئیحترامم دەمێنی بەڵام ئەگەر بێم مەقالەیەکی بۆ ئێوە بنووسم دەبم بە پووشی بەر ڕۆژی. ئەوەندەو کار بە منە تا مەقالەکەی دەنووسم و ئیمزای دەکەم. دواتر دەڵێن ئیمزای عەبدوڵڵا ئیسحاقی یە. پاشان فڕێم دەدەنە دەرێ و لە دنیاش ئابڕووم نامێنێ. لێرەدا دەبم و ئەرزیشم زۆر زیاترە... هەر شتێکی بیڵێن بە قسەتان دەکەم، بەڵام بە دژی میللەتی کورد لە عێراق یا تورکیا، سوریە و ئێرانیش نە بە عەمەل و قسە هیچ شتێک ناکەم... من مردن هەڵدەبژێرم نەک ژینی خوێڕیانە و سەرشۆڕی. بۆ ماڵی دنیا و تەمەن و نان، شەرەف و عیزەتی ئینسانی و کوردی لەژێر پێ نانێم".

سەبارەت بە مەرگی ئەحمەد تۆفیق، تاهیر دەڵێت: "سێ، چوار جاریان ئەشکەنجە کردەوە... جارێکی دیکە شەوێک پێکەوە بردیانین... لەگەڵ کاک ئەحمەد هاتینەوە دیوەکان. گوتم: کاک ئەحمەد، چۆنی؟ چییان لێ پرسی؟ گوتی: ئەمن هەموو سەفحەکانم ئیمزا کردووە، هەر سەفحەی ئیعدامێکە، ١٥ سەفحەیە. بۆخۆم خوێندوومەتەوە. بەو پەروەندەیەی کە لە دادگایە بۆم سازکراوە، ئەگەر بڵێم مەلاییکەتم، بە شەیتان دەردەچم. گوتم: موتەهەم بە چی کراوی؟ گوتی: کۆمەک بە مەلا مستەفا بارزانی و هێنانی خەبەرنیگاری خەبەرگوزاری ڕۆیتێرز، دانا ئادام ئیشمیت، و خیانەت بە عێراق و گوتی هەرچی کردوومە و گوتوومە بە بەعسییەکان گەیشتۆتەوە... دواتر کاک ئەحمەد هیچی نەدەخوارد، ئەوە هەشتەم مانگە و کاک ئەحمەد سەروبەندی گیاندەرچوونی بوو. شەوێکی گوتی: تاهیر وەرە دانیشە. ئەمڕۆ سەیرە چاک چاک بوومەوە. هیچ جێگایەکم نایەشێ. جێگایەکم بۆ ڕاخە. بۆم ڕاخست، دەستم لە لاقی دا سارد و عاددی بوو، گوتی: ماڵتە، ئەو دەرکەیەی لەو کابرایانە بکەوە، دێنە ژووری!! گوتم کاکە، ئەوە تۆ قسان دەپرۆکێنی. ئاخر ئەو دەرکە لە دەرێ ڕا داخراوە. گوتی: ئەگەر وایە لاقت وەبن سەرم بدە، بن سەرم نەوییە. لاقم بۆ درێژ کرد و گوتی: زۆر خۆشە. هەر هێندەی پێ نەچوو، چاوەکانی وێک نان و هەناسەی نەما و شەهید بوو. هەرچی بانگم کرد هیچ دەنگی نەهات. لاقم لەبن سەری دەرهێنا و لەسەر پەتووەکەم دانا و ملم نا لە گریان، یەک بە خۆم بە دەنگی بەرز دەستم بە گریان کرد... ئەوە بەهاری ١٩٧٣ی زایینی بوو... تەرمی کاک ئەحمەدیان برد و نازانم چی بەسەر هات و چیان لێکرد".

ئەحمەد تۆفیق چون بە ڕەبەنی مابۆوە و ژنی نەهێنابوو، پاش مەرگی کەسی لەپاش بەجێ نەما، لە ژیانیدا زۆر کەس پێیان خۆش بوو خزمایەتی لەگەڵدا بکەن، بەڵام ئەحمەد بڕیاری هاوسەرگیری هەمیشەیی لەگەڵ وڵاتەکەی دابوو، وەک شمیدت دەڵێت: "ئەو باسی ئەو کچانەی دەکرد لە پراگ چاوی پێیان کەوتبوو و گوتی:

* لەڕاستیدا من یەک خۆشەویستم هەیە، ئەویش خۆشەویستی وڵاتەکەمە".

----------------------------------------------

ئەم کورتە ژیننامەیە لە : ژیان و تێکۆشانی سیاسیی ئەحمەد تۆفیق (١٩٣١-١٩٧٣) لە نووسینی د. یاسین سەردەشتی وەرگێراوە

==========================================================================

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو [ ١٩٨٩ - ١٩٣٠ ]


شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو

عەبدولڕەحمان قاسملوو لە شەو زستان (شەوی یەلدا) ی ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی ڕێکەوتی ٢٢ی دیسامبری ساڵی ١٩٣٠ زایینی دا لە شاری ورمێ لە بنەماڵەیەکی خاوەن مڵکی دەست ڕۆیشتوودا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی، پێشان لە ورمێ و دوایە لە تاران تەواوکرد. هێشتا زۆر منداڵ بوو کە لەگەڵ مەسەلە سیاسی یەکان ئاشنا بووو بیرو باوەڕی ئازادیخوازانە لە مێشکیدا جووڵا.


بۆ خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دا پاش باسی سەفەری ٣٠ کەس لە کوردەکان بۆ باکۆ لە سەر بانگهێشتنی دەوڵەتی شوورەوی، دەنووسێ :"هەر چەند ئەو کاتە من تەمەنم یازدە ساڵ بوو، بەڵام وەک زۆر منداڵی ئەو سەردەمە سیاسەت سەرنجی ڕاکێشا بووم. بابم یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو. زۆر باشم لە بیرە کە لە باکۆ هاتەوە چەندین تاقەندی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا پڕێکی باشیشی پێ بوو. وادیارە سۆویتی یەکان قەند و تفەنگ و شتی دیکەیان بە دیاری دابوو بە هەموو ئەندامانی هەیئەت. قەند بە تایبەتی زۆر بە نرخ بوو، چونکە ئەو کاتە لە ئێران زۆر کەم و گران بوو. من ئەو کارەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە لە ماڵی ئێمە براکانم و ئامۆزاکانم کە لە من گەورەتر بوون، باسی ئەوەیان دەکرد کەبابم لەگەڵ چەند کەسی دیکە چوون بۆ باکۆ حەق و ئازادیی کوردان داوا بکەن. بۆیە ڕاست و ڕەوان لە بابم پرسی: ئەدی مافی کوردان چی لێ هات؟"

(چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی، چاپی دووهەم، ١٣٦٧ لاپەڕی ٦٢، ٦١).

عەبدولڕەحمان قاسملوو ساڵی١٣٢٤ تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە دامەزراندنی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات لە شاری ورمێ دەست پی کرد. ساڵی ١٣٢٥ کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕووخا. بە دوای ئەو دا ئەویش بۆ خوێندن چووە تاران. ساڵی ١٣٢٧ بۆ درێژە پێدانی خوێندن چوو بۆ پاریس پایتەختی فەرانسە.

گەیشتنی بە پاریس هاوکات بوو لەگەڵ تەقە کردن لە شا لە زانستگەی تاران (٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٧) کە بوو بە هۆی لە نێو چوونی ئازادی یە دێموکراتی یەکان لە سەرانسەری ئێران دا. بەو بۆنەیەوە کۆبوونەوەیەکی بەرینی خوێندکارە ئێرانی یەکان لە پاریس پێک هات کە لەوێ دا عەبدولڕەحمان قاسملوو بە درێژی لە دژی شاو ڕێژیمەکەی قسەی کرد لە ئاکام دا خوێندکاران

پەیامێکی ئیعترازییان بۆ حەمە ڕەزا شا نارد. ئەم کارە بوو بە هۆی فشاری باڵیۆزخانەی ئێران لە پاریس، تەنانەت حکوومەتی فەرانسە بۆ سەر قاسملوو. سەرئەنجام ناچار بوو پاریس بە جێ بهێڵێ و وەک یەکەم بوورسیەی ئێرانیی "یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکاران" چوو بۆ پراگ پێتەختی چیکوسلۆواکی. هەر لەو ماوەیە دا کە لە فەرانسە بوو، بە هاوکاریی چەند خوێندکاری دیکەی کورد"کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئورووپا"یان دامەزراند.




لەو ماوەیە دا کە لە پراگ خەریکی خوێندن بوو لە تێکۆشانی یەکیەتیی نێونەتەوەیی خوێندکارانیش دا بەشدار بوو. ساڵی ١٣٣٠ بە نوێنەرایەتیی خوێندکارانی ئێران لە دووهەم کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەدا کە لە شاری پراگ گیرا، بەشدار بوو. هەر لەو ماوەیە دا وەک نوێنەری ئێران لە زۆر کۆبوونەوەو کۆنفرانسی فیدراسیۆنی جیهانیی لاوان دا لە شاری بوودا پێست پێتەختی مەجارستان بەشدار بوو.

ساڵی ١٣٣١ لە سەردەمی حکوومەتی میلیی دوکتور موسەدیق دا عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش ئەوەی لە زانستگەی پراگ دا لیسانسی زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی وەرگرت گەڕایەوە ئێران. ئەو کاتە لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی توودەی ئێران دا یەکیەتیی تەشکیلاتی هەبوو. قاسملوو پاش شەش مانگ تێکۆشان لەتاران هاتەوە مەهاباد و لەوێ بەرپرسایەتیی کاری حیزبی بەئەستۆ گرت.

پاش کودیتای شوومی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٣٢ ناچار بوو بە تەواوی خۆی بشارێتەوە و بە نهێنی لە تاران و لە کوردستان خەریکی کاری حیزبی بێ. لەو ماوەیە دا عەبدولڕەحمان قاسملوو سەرپەرستیی ڕۆژنامەی "کوردستان" ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو کە تەنیا پێنج ژمارەی بە نهێنی لێ دەرچوو. هەر لەو ماوەیەش دا بوو کە کۆمیتەیەکی سەرانسەری بۆ کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەرپرسایەتیی ئەو پێک هات.

عەبدولڕەحمان قاسملوو پاش پێنج ساڵ تێکۆشانی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، ساڵی ١٣٣٦ جارێکی دیکە چۆوە چیکوسلۆواکی، ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) پاش سەرکەوتنی شۆڕشی عێراق و بووژانەوەی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق قاسملوو لەگەڵ چەند ئەندامی مەسئوولی دیکەی حیزبی هەوڵیان دا لە ڕێگای عێراقەوە ڕێکخراوەکانی حیزبی زیندوو بکەنەوە. بەڵام بە هۆی کارشکێنیی هێندێک لە بەڕێوەبەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق لەو کارە دا سەرنەکەوتن. ساڵی ١٣٣٩ عەبدولڕەحمان قاسملوو بە دەستووری دەوڵەتی عێراق لەو وڵاتە دەرکراو گەڕایەوە بۆ پراگ.

ساڵی ١٣٤١ (١٩٦٢) قاسملوو لەزانستگەی پراگ دوکتورای زانستی ئابووریی وەرگرت و هەتا ساڵی ١٣٤٩ لە زانستگەی پراگ دەرسی "ئابووریی سەرمایەداری و ئابووریی سۆسیالیستی و تیئۆریی هەڵدانی ئابووری" ی گوتەوە. لەو ماوەیەدا دوکتور قاسملوو چەندین کتێب و نامێلکەی لە سەر گیرو گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکان نووسی کە لە هەموویان بە ناوبانگتر کتێبی "کوردستان و کورد"ە. ئەم کتێبە لە جێ دا بە زمانی چێکی نووسراوە، تا ئێستا بە زمانەکانی ئینگلیسی، سلۆواکی، لەهێستانی، عەرەبی و کوردی و فارسی و هێندی و چەند بەشیشی بە فەرانسەیی چاپ و بڵاو کراوەتەوە. دوکتور قاسملوو زمانەکانی کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، فەرانسە، ئینگلیسی، چیکی و رووسی بە باشی دەزانی و بە زۆر زمانی دیکەش وەک ئەلمانی و زمانەکانی سلاو تا ڕادەیەک ئاشنا بوو. ساڵی ١٣٤٩ پاش دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی مارس و ڕێککەوتنی نێوان ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراق و دەوڵەتی ئەو وڵاتە ئیمکانی تێکۆشانی سیاسی لە کوردستانی ئێران زیاتر بوو. لەو کاتە دا دوکتور قاسملوو لە ئورووپا گەڕایەوەو بە هاوکاریی چەند کەس لە یارانی نیزیکی ئەرکی زیندوو کردنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکراتی بەئەستۆ گرت. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب دا کە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٠ گیرا، دوکتور قاسملوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵ بژێردراو لەو کاتەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبی دا وەک سکرتێری گشتی هەڵ بژێرایەوە. بەم جۆرە بۆ ماوەی هەژدە ساڵ وەک ڕێبەرێکی کارزان و شارەزا لە پلەی یەکەمی مەسئوولییەت دا کاروباری جیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە یەکێک لە سەختترین قۆناخەکانی خەباتی ئەم حیزبەدا بەڕێوەبرد.

مامۆستای ڕێبەر دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٢ی پووشپەری ساڵی١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی١٩٨٩) لە کاتێک دا بۆ دۆزینەوەی ڕێگای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە ئێران دا لەگەڵ چەند نوێنەری حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە وییەن لە سەر مێزی وتووێژ دانیشتبوو لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عبدالله قادری ئازەر ئەندامی کۆمیتە یناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا بە دەستی بە ناو نوێنەرانی دەوڵەت بۆ وتووێژی ئاشتی، شەهید کرا. لەو تیرورە ناجوانمێرانەیە دا دوکتور فازل ڕەسووڵ کوردی عێراقیی مامۆستای زانستگە لەوییەنیش هەر بە دەستی ئەو تیروریستانە شەهید بوو.

وەرگێڕاو لە ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارە١٦٣ ، پووشپەری ١٣٦٩ (ژوئیەی ١٩٩٠)

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد




## کورتەیەک لە ژیاننامەی دوکتور سادق شەرەفکەندی [ ١٩٩٢ – ١٩٣٨ ]


سادقی شەرەفکەندی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی (١١ی ژانوییەی ١٩٣٨ی زایینی) لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر دا لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوو. لە تەمەنی منداڵی دا باوکی لە دەستداو سەرپەرستی یەکەی، کەوتە سەرشانی براگەورەکەی، شاعیرو نیشتمانپەروەری گەورەی کوردستان خوالێخۆشبوو مامۆستا "هەژار"ی نەمر. سەردەمی منداڵیی محەممەد سادق، هاوکات بوو لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران و دامەزراندنی کۆماری کوردستان. رێنۆینی و ئاموژگاریەکانی برا زاناو خەباتگێڕەکەی و زۆر دیمەن لە قۆناخی میژوویی ئەوکات لەبیرو زەینی دا نەخشی بەست.

پۆلی یەک و دووی سەرەتایی لە بوکان و پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرساوە، خویندنی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە و ساڵی ئاخیری دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کردو ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) لە "دانشسرای عالی"ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرت. شایانی سەرنجە کە لە هەموو پلەکانی خویندندا یان خاوەنی پلەی یەکەم یان یەکێک لە باشترین قوتابیان و خوێندکاران بوو. هەر لەو ساڵە دا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمی و هەتا ساڵی١٣٤٤ی هەتاوی (١٩٦٥ی زایینی) لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتی یەوە خەریک بوو. لەوماوەیەدا وەک مامۆستایەکی شارەزا ناوی دەرکردو بۆ پێگەیاندنی قوتابیانی کوردستان زەحمەتێکی زۆرو بەرچاوی کێشا بە جۆرێک کە ئەو قوتابی یانە کە ئەو دەرسی پێدەگوتن و لە زانستگاکان قبووڵ دەبوون، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبوون. سەرەنجام "ساواک"، دەزگای جاسوسیی رێژیمی حەمە رەزا شا ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ رەوا نەدی و لە گەڵ ژمارەیەک ماموستای دیکەی هابیرو هاوکاری بۆ شارەکانی "اراک"و "کرج"و چەند شاری دیکەی دوور خستنەوە. محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی (١٩٧٠ی زایینی) بۆ زانستگای"تربیت معلم" نەقڵ کراو وەک ئاسیستانی بەشی شیمی کاری پێ ئەسپێردرا. پاش نیشاندانی لێوەشاوەیی یەکی تەواو لەو ئەرکەدا، ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی (١٩٧٢ی زایینی) بە کەڵک وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسە و پاش چوار ساڵ مانەوە لەو وڵاتە توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیه) لە زانستگای ژمارە ٦ی پاریس وەربگرێ. دوکتور سادق شەرفکەندی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی) گەڕایەوە تاران و وەک "استادیار"ی شیمی لە زانستگای "تربیت معلم" درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا کە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەشدا بە تەواوی سەرکەوتوو بوو. هەربۆیە بوو بە خۆشەویستی مامۆستایان و خوێندکارانی ئەو زانستگایەو وەک مامۆستایەکی دڵسوزو لە هەمان کاتیشدا خەباتگێڕ ناوی دەرکرد. دوکتور محەممەد سادق شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٣ی زایینی) کاتێک لە پاریس دەورەی دوکتورای دەدیت، لە ڕێگای مامۆستای مەزن دوکتور "عبدالرحمان قاسملو"ی رێبەرمانەوە لەگەڵ بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاشنا بووو داوای ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی رێبەرایەتیی حیزب و لەو پێوەندی‌یەدا زەحمەتێکی زۆری کێشاو زۆر جاریش گیانی خۆی خستە مەترسی یەوە. دوای رووخانی ریژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات، ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی) بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندیو رەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ (فیورییەی١٩٨٠ی زایینی) لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا کە ئەو بەرپرسایەتی‌یەشی بە لێوەشاوەیی و کارزانی یەوە بە ئەنجام گەیاند. سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی) لە لایەن رێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستان و هەموو توانای خۆی لە خزمەت حیزب نا. لە پلینومی کومیتەی ناوەندی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ی زایینی)دا بە ئەندامی دەفتەر سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کومیتەی ناوەندییشدا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە.

دوکتور سادق شەرفکەندی ماوەی بوونی لە رێبەرایەتیی حیزبدا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (رادیوو چاپەمەنی)ی لە سەرشان بووو لە ساڵی ١٣٦٥ەوە هەتا کاتی شەهید بوونی مامۆستای گەورەمان دوکتور "قاسملوو"ی نەمر ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستووە بوو. دوکتور سادق شەرفکەندی لە یەکەم پلینومی دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکرای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵبژێردراو لە کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهیدبوونی (٢٦ی خەرمانانی ئەمساڵ (١٣٧١) ریکەوتی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢) ئەرک و بەرپرسایەتیی قورسی "سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران"ی بەرێوەدەبرد. خەباتگێڕی مەزنی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرفکەندی لە ماوەی ئەو دوازدە ساڵەی دوایی دا رۆڵێکی بنەڕەتی لە رێبەرایەتیی حیزب و جووڵانەوەی گەلەکەماندا هەبوو. یەکێک لە بەوەجترین و شارەزاترین رێبەرانی نێو ریزەکانی بزووتنەوەی میللی . دێموکراتیکی گەلەکەمان بووو بە هەق دەبێ بڵێین کە قوتابی یەکی لێوەشاوەو یارێکی وەفاداری دوکتور قاسملووی نەمر بووو پاش دوکتور قاسملوویش بوو بە مامۆستای ئیدامەکاری و درێژەدان بە رێباز و رێگای دوکتور قاسملووو بە لێهاتووی و لێوەشاوەیی خۆی نەیهێشت بێ قاسملوویش بەم جۆرە کە ئاواتی دوژمنانی بزووتنەوە بوو بە حیزبەوە دیار بێ. دوکتور سادق هەر لەو کاتەوە کە هاتە نێو رێبەرایەتیی حیزب یەکێک لە دارێژەرانی کاریگەری سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو، لەسەر پاراستنی ئوسوول و پرنسیپەکانی حیزب شێلگیرو پێداگر بوو، ئەفرادی دوو دڵ و ڕاڕای دەدانە بەر هێرش و رێگای پێ نەدەدان شوێنی خراپ لەسەر رەوتی بزووتنەوەو کاروباری حیزبی دابنێن. ئەو کادرو



پێشمەرگەکانی حیزبی خۆش دەویستن بەڵام ئەو خۆشەویستی یە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیعبینانەی کادر و پێشمەرگەکان و کاروباری ئەوان دانەدەنا. دڵپاکی و بێ غەرەزیی کاک دوکتور سەعید بۆ هەموو هاوڕێیانی حیزبی بە تەواوی دەرکەوتبوو هەر بۆیەش ئامۆژگاریەکانی وەردەگیران. نەخشی گرینگی تەشکیلاتی لە حیزب و بزووتنەوەدا زۆر بە باشی هەست پێ کردبوو، بەڵام هەرگیز تەشکیلاتی بەجێ خەلک دانەدەنا و لە دەمارگرژی و سکتاریستی بەدوور بوو، چونکە ئەو تەشکیلاتی حیزب و خودی حیزبیشی بۆ رێبەرایەتی کردنی خەباتی گەل دەویستن. تێکۆشەر دوکتور سادق ئینسانێکی شوجاع، بەورە، بەئەخلاق، راستگۆو دروستکارو بەراستی سادق بوو. لە هەق و عەداڵەت پشتیوانی دەکردو لە هەموو ئەو تایبەتمەندییانە لە سیاسەت و کردەوە دا کەڵکی وەردەگرت. ئینسانێکی پڕکار بووو ماندوویی نەدەناسی، هەموو کاتو وەختی خۆی بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکە حیزبی یەکان تەرخان کردبوو، شۆڕشگێڕێکی بە تەواو ماناو دێموکرتێکی واقیعی بوو، کە لە هەر کارو کردەوە و هەڵوێستێکی دا ئەو تایبەتمەندی یانەی خۆیان دەنواند. بڕوایەکی قووڵی بە دێموکراسی و مافی گەلانی ئێران هەبوو، هەر بۆیە لە ڕوانگەی ئەوەوە پێوانەی هەر حەرەکەتێکی خەباتگێڕانە لە ئێران و کوردستاندا بریتی بوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی و مافە رەواکانی گەلی کورد و گەلانی ئێران. سیاسەت و تاکتیک بۆ دوکتور سادق زاراوە و دەستەواژەی خەیاڵی و زەینی نەبوون، لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێڕانە بوو، هەر بۆیەش بەهەق و کردەوە ببوو بە ئاوێنەی تایبەتمەندی یە مەزنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. دوکتور سادق شەرەفکەندی ئینسانێکی خاکی و خەڵکی و بە"تواچع" بوو، هەر ئەوەندە کە لە راست دۆستان و هاوڕێیانی دا رووخۆش و بەگوزەشت بوو، لە راست دوژمنان و نەیارانی حیزب و گەلدا توند و بێلێبوردن بوو، قورس و قایم لە بەرامبەریاندا ڕادەوەستاو زەڕڕەیەک "نرمش"و هەنگاوێک گەڕانەوەی بۆ نەبوو. ئەو خەڵکی کوردستانی بە رەگ و پێستییەوە خۆش دەویست، هەر بۆیەش گیان و ژیانی بۆ خزمەت بەوان تەرخان کردبوو. ئەو لەو سیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک ئامرازی بردنەپێشی مەبەستەکانی خۆیان دەوێ، ئەو بۆ خۆی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستان بووو جگە لە قازانج و بەرژەوندی یەکانی گەل هیچ قازانج و بەرژەوندی یەکی تایبەتی و شەخسی بەلاوە گرینگ نەبوو. ئەو بۆ کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تەنیا هەر سکرتێری گشتی نەبوو، ئەو دۆست و هاواڵی هاوڕێیان بووو بە رادەیەک لەگەڵیان تێکەڵاوو لێیان نیزیک بوو کە هەر هاوڕێییەک بە ڕاشکاوی دەیتوانی پریسکەی دڵی خۆی لە لای هەڵڕێژێ و لە ڕێنوێنی یە بە کەڵکەکانی کەڵک وەبگرێ. کاک دوکتور سادق بڕوایەکی قووڵی بە هاوکاریی گەلان و هەموو ئازادیخوازانی ئێران هەبوو، لەو بڕوایە دا بوو کە رووخاندنی رێژیمی ئاخوندی بەبێ نیزیکی و هاوکاری و هاوپێوەندی هێزە نیشتمانپەروەر و خەباتگێڕەکانی ئێران، کارێکی مومکین یان لانی کەم هاسان نیە، هەر بۆیە لە هەر دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە کەڵکی وەردەگرت و بە کردەوە هەوڵی بۆ دەدا و سەرنجام لەو رێ یەدا گیانی بەختی ئازادیی ئێران و خودموختاری کوردستان کرد. یادو ناوی شەرەفکەندیی مەزن هەمیشە بە نەمری دەمێنێتەوە و خەبات و تێکوشانی پڕشنگداری لە پێناو ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و گەلی کورد و خەڵکی ئێراندا و تایبەتمەندییە شۆرشگێڕانەکانی دوای نەمانیشی رێنوێن و ئیلهامدەری تێکۆشەرانی وڵاتەکەمان دەبێ.




سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان و کورد

==================================================================

## کورتەیەک لە سەر ژیانی مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی [ ٢٠١١ – ١٩٢١ ]

١٣٨٩ – ١٣٠٠ی هەتاوی، ١٩٢١ – ٢٠١١ی زایینی

مامۆستا بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی واتە ١٩٢١ی زایینی لە شاری بانە لە لە بنەماڵەیەکی ئاییینیدا لەدایک بووە.

کوڕی شێخ صالحە کە لە سەیدەکانی بەرزنجەبوو؛ شێخ صالح کە لە سەردەمی خۆیدا زانایەکی ئاییینی ناودار بوو، دژایەتی حکوومەتی ڕەزاشای دەکرد، بەنهێنی لەگەڵ شێخ مەحموودی حەفید ڕێبەری بزووتنەوەی کورد لە سلێمانی پەیوەندی هەبوو، ساڵی ١٣١٩ فەوتی کرد.

مامۆستا زۆری پێخۆش بوو بچێتە خوێندن بەڵام لە شاری بانە هەتا ساڵی ١٣١٥ (١٩٣٦) مەدرەسە نەبوو؛ سەرف و نەحو، قورعان، "گولستان و بوستان" و هی دیکەی لەلای بابی خوێند.

ساڵی ١٣١٧ (١٩٣٨) لە گوندی سیسێر لە لای مەلا سەیدحوسەین چووە فەقێییەتی؛ سێ ساڵ لەوێ مایەوە؛ دەچێتەوە بانە و دواتر لە نمەشیر، دیسانەوە سیسێر و ماوەیەکیش لای مامۆستا مەلا باقری بەناوبانگ لە ئاوایی بالیک لە ناوچەی مەریوان خوێندوویەتی.



ساڵی ١٣٢١ (١٩٤٢) بۆ درێژەدان بە خوێندن دەچێتە ناوچەی موکریان کە لەوێ هەڵسووڕانی سیاسی و هەستی نەتەوایەتی بەرزبوو. ساڵی ١٣٢٢ (١٩٤٣) لە ناوچەی بۆکان، بە نێوی نهێنی "هەوێن" ئەندامەتی کۆمەڵەی ژێکاف ی پێبەخشرا و بووە چالاکی سیاسی.




ساڵی ١٣٢٤ (١٩٤٥) چالاکانە لە ڕێورەسمی هێنان و هەڵدانی ئاڵای کوردستان لە شاری بۆکان بەشداری کرد.

بەهاری ساڵی ١٣٢٥ (١٩٤٦) دەچێتە مەهاباد کە لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا بوو و ماوەیەک لای کەسایەتی بەناوبانگ مامۆستا مەلاحوسەین مەجدی درێژە بە خوێندن دەدات.

١٣٢٧ (١٩٤٨) لە لای مامۆستا مەلاعەلی وەڵزی لە گوندی حەمامیان ئیجازەی ئیفتا و تەدریس وەردەگرێت و بە ڕەسمی دەبێتە مەلا و مودەڕیس لە گوندی کانییە ڕەش لە ناوچەی موکریان.

لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠ هەتا ١٣٣٧ (١٩٥٨ - ١٩٥١) لە گوندەکانی کانییە ڕەش، گۆلێ و قارەوای موکریان مەلا و مودەڕیس بووە.

لەم ساڵانەدا چەندین ڕووداوی گرینگ ڕوویانداوە کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر ژیانی مامۆستا؛ لە نێوان ساڵانی ١٣٢٩ هەتا ١٣٣٢ بزووتنەوەی جووتیاران لەو ناوچەیە زۆر بەهێز بووە و مامۆستا کە هەمیشە لایەنگری چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگا بووە، کەوتووەتە بەر هێرشی ئاغا و مالیکی ناوچەکە و بەوبۆنەشەوە ناچارکراوە گوندەکەی بەجێبهێڵێت. مامۆستا بە هۆی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی کە بوێرانە دەریدەبڕین، لە بواری جۆراوجۆردا بەناوبانگ بوو ؛ بۆ وێنە دژ بە خورافاتی ئایینی بوو؛ لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژایەتی دەکرد لەگەڵ دیاردەی کچ بە پچووکی بەشوودان، گەورە بە پچووک، ژن بە ژنە و سێ تەڵاقە.

ئەمە هاوکاتە لەگەڵ سەردەمێک لە ئێران کە کێشەی میللی کردنی نەوت لەلایەن دەوڵەتی دوکتور محمد مصدق دوە لەئارادابوو؛ لە ئاکامدا کوودیتای ساڵی١٣٣٢ (١٩٥٣) کە بە پشتیوانی بەریتانیا و ئەمریکا کرا دەوڵەتی مصدق ڕووخا و شای ئێران کە هەڵاتبوو بۆ دەرەوە دیسانەوە گەڕایەوە سەر حوکم.

ساڵی ١٣٣٧ (١٩٥٨) لە مەهاباد دەبێتە مودەڕیس لە مەدرەسەی علوومی دینی؛ لەو سەردەمەدا مامۆستا لایەنگری بیروبۆچوونی شێخ محمد عبده بوو؛ بۆ وێنە کتێبی "رسالة التوحید"ی ئەوی دەگوتەوە.

ئەو کەسانەی کە لەلای مامۆستا شێخ عێزەدین خوێندوویانە، چ لە مەهاباد و چ ساڵەکانی پێشووتر، لە پەنای خوێندنی ئاسایی فەقێیەتی و ئایینی، لەگەڵ مێژووی تێکۆشان و خەباتی گەلی کورد دژ بە ستەمی میللی ئاشنا دەبوون؛ تێکۆشەری بەناوبانگ مەلا ئەحمەد شەڵماشی ناسراو بە مەلا ئاوارە یەکێک بوو لەو کەسانەی کە لای مامۆستا خوێندبووی.

ساڵی ١٣٤٧ (١٩٦٧) بوو بە ئیمام جومعە لە مەهاباد.

هەر ئەو ساڵە شەپۆلێکی بەکۆمەڵ گرتنی تێکۆشەرانی کورد کەوتەڕێ و بەتایبەت پادەگانی جەڵدیان بوو بە زیندانێکی گەورە. مامۆستا بۆ ماوەیەکی کورت گیرا؛ لەو ماوە کورتەیشدا کەسایەتی ئایینی شاری مەهاباد و خەڵکی شار کەوتنە گەر و ئەگەری خۆپیشاندانی نارەزایەتی هەبوو.

لەو ساڵانەدا کە لە مەهاباد بوو بەردەوام لە پەیوەندیدا بوو لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆ، ئەندامان و خەباتکارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەتایبەت لە ساڵەکانی ١٣٤٧-١٣٤٦ (١٩٦٨ - ١٩٦٧)دا پەیوەندی گەرم و گوڕی هەبوو لەگەڵ تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کوردستان.

١٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٥٧ واتە ٧ی مانگی شەشی ١٩٧٨ لە ڕێورەسمی ناشتنی تێکۆشەری لە مێژینە عەزیز یوسفی کە تازە بە نەخۆشی لەزیندان ئازاد کرابوو وتارێکی گرینگی پێشکەش کرد. ئەم ووتارە لەسەر گۆڕی ئەو تێکۆشەرە لە شاری مەهاباد کە بە بەشداری هەزاران کەس لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە بەڕێوەچوو، دەنگدانەوەیەکی ئێجگار زۆری هەبوو. ئەمە بە دەستپێکی بزووتنەوەی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە دژی حکوومەتی شا دەژمێردرێت.

بەدرێژایی ئەو ساڵە پڕ لە ڕووداوە مامۆستا کە لە مانگی خەزەڵوەردا ببووە سەرۆکی شورای شاری مەهاباد، بەردەوام لەو شارە و لەشارەکانی دیکەی کوردستان لە بۆنەی جیاوازدا قسەی بۆ خەڵک دەکرد و هانیدەدان بۆ خەبات.

بە ڕووخانی رژیمی پاشایەتی لە ئێران، ڕۆڵی مامۆستا شێخ عێزەدین زۆر بەرجەستە بووەوە. هەموو نوێنەرانی حکوومەت و کاربەدەستانی ناوچەکە کاتێک دەهاتنە کوردستان دەچوونە لای مامۆستا.

ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ (١٨ی مانگی دووی ١٩٧٩) یەکەم دەستەی نوێنەرایەتی حکوومەت کە داریوش فروهر یەکێک لە ئەندامانی بوو، هاتە مەهاباد و یەکڕاست چوونە لای مامۆستا. دواتر لە کۆبوونەوەیەکی گەورە دا بڕیارنامەیەک لەلایەن نوێنەرانی شارەکانی کوردستانەوە (لەوانە ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە) پێشکەشی نوێنەرانی دەوڵەت کرا کە یەکێک لە خاڵەکانی ئەوەبوو کە مامۆستا شێێخ عێزەدین دەسەڵاتی ئەوەی هەیە سەرۆکایەتی هەر هەیئەتێک بکات کە لەلایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی دا دەکەوێتە وتووێژ.

نەورۆزی ١٣٥٨ (١٩٧٩) دوای کارەساتی خوێنین لە شاری سنە، مامۆستا لایەنێکی سەرەکی بوو لە وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت کە بریتی بوون لە رفسنجانی، بنیصدر، بهشتی،



طالقانی و . . . کەسانی دیکەیش. لەو کۆبوونەوە دا بوو کە مامۆستا لە کاتی فڕینی فڕۆکە شەڕکەرەکان بەسەر شاری سنەدا و لەگەرمەی وتووێژەکاندا گوتی "فەرقی تاج و عمامە چییە؟ حکوومەت نەگۆڕدراوە، تاجی پاشایەتی لاچووە و عمامە هاتووەتە جێگای."




ڕۆژی شەشی خاکەلێوەی ١٣٥٨ (٢٦ی مانگی سێی ١٩٧٩) مامۆستا ڕایگەیاند لەبەر ئەوەی ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی نادیارە لە ریفراندۆمدا بۆ دەنگدان بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەشداری ناکات.

مانگێک دواتر واتە لە مانگی گوڵاندا لەسەر بانگهێشتنی وەزیری ناوخۆ سەفەرێکی کرد بۆ تاران و قوم؛ لەم سەفەرەدا لەگەڵ خومەینی، بازرگان سەرەکوەزیر، وەزیری ناوخۆ و چەندین کەس لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی دیدار و گفتوگۆی کرد.

لە دیدار لەگەڵ خومەینیدا کاتی خوداحافیزی خومەینی دەڵێت هێمنایەتی کوردستانم لە تۆ دەوێت، مامۆستایش دەڵێت منیش خودموختاری کوردستانم لە ئێوە دەوێت.

لەو سەفەرە دا لە "زانکۆی صنعتی شریف"ی تاران لەناو هەستی زۆر گەرمی دەیان هەزار خوێندکاری زانکۆ لە وتارێکدا وتی: "ئەو ئایینەی خەڵک بەگژیەکدا دەکات، ئایینی ئیلاهی نییە. . . سانسۆر نموونەیەکە لە گەڕانەوەی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی. کۆنەپەرستی لە هەر جلوبەرگێکدا و بەهەر ڕەنگێک بێت مەحکوومە . . . ئێمە لایەنگری هەڵسووڕانی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانین . . شۆڕش هێشتا بە ئاکام نەگەیشتووە چونکوو ئامانج لە شۆڕش گۆڕانی بنەڕەتییە."

سەرەتای مانگی جۆزەردانی ١٣٥٨ (١٩٧٩) مامۆستا شێخ عێزەدین لەناو بەخێرهێنانی ئاپۆرەی خەڵکدا کە بە دەیان هەزار لە سەر جادە و لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ریزیان بەستبوو گەڕایەوە بۆ کوردستان و لە شاری سنەوە، بە دیواندەرە، سەقز، بانە و بۆکاندا گەڕایەوە بۆ مەهاباد.

پێنجی پووشپەڕی ١٣٥٨ (٦ی مانگی شەش ١٩٧٩) هۆشداریدا: "ئەگەر وریا نەبین تووشی شەڕی چەکداریمان دەکەن. . . پارێزگاری لە شارەکان دەبێت لەژێر چاوەدێری شورای شارەکاندا بێت. . بڵاوکردنەوەی چەک لە کوردستان [لە لایەن حکوومەتەوە] وایکردووە کە ئەگەر کارێکی بۆ نەکرێت، کوردستان لەسەردەری شەڕی ناوخۆدا دەبێت."

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ (١٩ی مانگی هەشت ١٩٧٩) فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان دەرچوو؛ مامۆستا لە گەڵ تێکۆشەرانی گەلی کورد چووە شاخ و لە ڕێگای ڕاگەیاندن و چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانییەوە دەنگی گەلی کوردی بە هەموو جیهان دەگەیاند.

چەند هەفتە دواتر "دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی" بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی مامۆستا پێکهات کە ئەندامەکانی ژمارەیەک لە کەسانی نزیک لە مامۆستا و تێکۆشەرانی خەڵکی چەند شارێکی کوردستان بوون.

ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ (یەکی مانگی یازدەی ١٩٧٩) لەسەر داوای مامۆستا بەبۆنەی جێژنی قوربانەوە بە سەدان هەزار خەڵکی کوردستان لە شارو شارۆچکەو لادێکاندا خۆپیشاندانی پڕشکۆی جەماوەری و سەرتاسەرییان ڕێکخست بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستان، بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان و دژ بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی.

لە پاییزی ئەوساڵە دا چەندین کۆبوونەوە کرا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت کە لە تارانەوە هاتبوون بۆ دێهاتی ناوچەی سەرسنووری سەردەشت کە مامۆستا ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لەو کۆبوونەوانە دا.

لەم ماوەیەدا "دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد" بە سەرۆکایەتی مامۆستا بۆ وتوویژ لەگەڵ دەوڵت پێکهات کە حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و ڕێکخراوی چریک فیدایی ئەندامەکانی بوون.

٢١ی سەرماوەز واتە ١٢ی دیسامبر یەکەمین و تەنها کۆبوونەوەی ڕەسمی نوێنەرانی حکوومەت لەگەڵ دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد پێکهات.

هەتا کۆتایی ساڵ بەردەوام کۆبوونەوە دەکرا لەگەڵ نوێنەرانی حکوومەت و نوێنەری تایبەتی خومەینی بۆ قسەوباس لەسەر چۆنییەتی درێژەدان بە وتوویژ بەڵام سەرەڕای هەوڵدان و خۆش مەبەستی مامۆستا هیچ ئاکامێکی نەبوو.

خاکەلێوەی ١٣٥٩ (مانگی چواری ١٩٨٠) مامۆستا سەفەرێکی دەستپێکرد لە مەهابادەوە بۆ بۆکان، سەقز، دیواندەرە، سنە، مەریوان و بانە و لەهەموو لایەک لە کۆڕ و خۆپیشاندانی دەیان هەزارکەسیدا رایدەگەیاند گەلی کورد خوازیاری مافی ئاسایی خۆی و ئاشتی و پێکەوە هەڵکردنە و دژ بە دەستپێکردنەوەی شەڕە. وێنە و فیلمی ئەم سەفەرە سیمای ڕێبەرێکی زۆر خۆشەویست و لەناو دڵی خەڵکدا نیشاندەدات کە خەون و ئارەزووەکانی خۆیان لە هەڵوێست و دەربڕینەکانی مامۆستادا دەدیتەوە. بەداخەوە هەر لەو مانگەدا خولی دووهەمی هێرشی بەرینی کۆماری ئیسلامی بۆسەر شارەکانی کوردستان دەستی پێکردەوە.

سەرەتای ساڵی ١٣٦١ (١٩٨٢) مامۆستا نوێنەری خۆی نارده دەرەوە بۆ ئورووپا بۆ ئاگادار کردنەوەی بیروڕای جیهانی لەسەر بارودۆخی گەلی کورد و بزووتنەوەکەی و تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامی. مامۆستا بەو نوێنەرەیدا چەندین نامەی نارد بۆ پاپ لە ڤاتیکان، سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان و چەندین سەرۆکی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی و یاسر عەرەفات. هەروەها پەیامێکی تایبەت بۆ ڕای گشتی جیهان و ئێرانییەکان و کوردەکان لەدەرەوەی وڵات کە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فەرانسە بڵاو کرایەوە. دواتر ڕاپۆرتی ئەم سەفەرە کە فەرانسە و بەریتانیا و ئەڵمان و دەرباری ڤاتیکان و ئیتالیا، سووریا و لوبنانی گرتەوە بەوردی بۆ بیروڕای خەڵکی کوردستان و ئێران بڵاوکرایەوە.

لە پاییزی ساڵی ١٣٦١دا (١٩٨٢) مامۆستا سەفەرێکی نۆ هەفتەیی کرد بۆ پاریس و دواتر بۆ عەرەبستان بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنج بۆ بارودۆخی گەلی کورد. لە سەفەری پاریسدا جگە لە چاوپێکەوتن و قسەوباس لەگەڵ رادیۆ، تەلەڤیزیۆن و ڕۆژنامە گەورەکانی فەرانسە، لەگەڵ رادیۆ بی‌بی‌سی بەشی فارسی گفتوگۆیەکی گرینگی کرد. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە

نووسەران و شاعیران و ڕۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارانی فەرانسە، ئینگلستان، ئیرلەند، ئاڵمان و ئیتالیا و ئێرانی و کورد دیدەنیان کرد. مامۆستا لەهەموو ئەو دیدارانەدا بە وردی لەسەر بارودۆخی کوردستان و خەباتی ڕەوای میللەتی کورد و ئاشتیخوازانەبوونی بزووتنەوەی کوردستان و ڕەوابوونی داواکانی دوا. هاوکات تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەکرد. لە عەرەبستان مامۆستا هاوکات حەجی عەمرەی بەجێهێنا.

لە ساڵەکانی ١٣٦٤ هەتا ١٣٦٧ (١٩٨٨- ١٩٨٥) دا مامۆستا لە هەل و مەرجێکی دژوار دا لە ناوچەکانی سەرسنووری کوردستان لە نێوان عێراق و ئێراندا دەژیا و بەردەوام بوو لە چالاکی سیاسی و دەرکردنی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕاو بۆچوونەکانی. هەر لەم ساڵانەدا بوو کە مەقەڕی نیشتەجێبوونی خۆی و بنەماڵەکەی لە ناوچەی سەرسنووری پارێزگای سلێمانی کەوتە بەر پەلاماری فرۆکە جەنگییەکانی حکوومەتی بەعسی عێراق کە لە ئاکامدا زۆر بەداخەوە دایکێک و منداڵەکەی شەهیدبوون، مامۆستا و سەیدزادە خانمی هاوسەری و نۆ پێشمەرگەیش بریندار بوون.

ساڵی ١٣٦٧ (١٩٨٨) سەفەرێکی کرد بۆ وڵاتی توونس بۆ دیدار لەگەڵ یاسر عەرەفات و دواتر سەردانی سوێد و فەرانسەی کرد و پاشان گەڕایەوە بۆ کوردستان.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی ١٣٦٩ (١٩٩٠)دا لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بوو.

مامۆستا یەکێک بوو لە بەشدارانی کونفرانسی ستۆکهۆلم کە سەرەتای ساڵی 1991 لە شاری ستۆکهۆلم گیرا سەبارەت بە بار و دۆخ و دوارۆژی کوردستان کە تێیدا ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان، سیاسەتمەداران، نووسەران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و بیانی تێیدا بەشداربوون.

لە پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە بروکسێلدا چەند ساڵێک چالاکانە بەشداربوو؛ هەروەها لە چەندین کونفرانس و کۆنگرەی دیکە لە فەرانسە و ئەڵمان بەشداری هەڵسووڕاوانەی کردووە. مامۆستا بە درێژایی ژیانی دۆستایەتی نزیکی هەبووە لەگەڵ زۆربەتی تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەردەوام پشتیوانێکی شێلگیری خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد بووە لە سەرانسەری کوردستان.

جۆزەردانی ١٣٨٣ (٢٠٠٤) ڕێز لێنانێکی تایبەت لە مامۆستا لەلایەن "انجمن پژوهشگران ایران" لە کونفرانسێکدا لە ستۆکهۆلم بەڕێوە چوو کە بریتی بوو لە قسەوباس لەسەر کەسایەتی مامۆستا و ڕێزلێنان بۆ ئەو هەموو ساڵە خەبات و تێکۆشانەی.

لەو ماوەی کە لە سوێد بوو، بێ ووچان و چالاکانە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداران، نووسەران، شاعیران و کەسایەتی دیاری ناو بزووتنەوەی کوردستان و ئێران بەردەوام تێدەکۆشا لەگەڵ ڕاگەیاندنی هەڵوێست و بیروبۆچوونی خۆی، گوێبیستی بیروڕای ئەوانی دیکەیش بێت.

مامۆستا بە درێژایی ژیانی خەریکی خوێندنەوەی کتێب بووە و لەم بوارەش دا گرینگی بەوەداوە تا چ ڕادەیەک لە باری مێژوویی، زانستی و ئایینییەوە ناوەرۆکی کتێبەکە بەپێز بووە؛ هەربۆیە تا دوایین ڕۆژەکانی ژیانی بەردەوام لە هەموو بوارەکاندا کتێبی خوێندووەتەوە.

لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی سەتالایتەوە و هەروەها رادیۆ کوردییەکان، بەردەوام گفت و گۆی کردووە و سەرەڕای دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و لێکدانەوەی هەل و مەرجی کوردستان، سەبارەت بە بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەمەڕ ئایین، حکوومەتی ئایینی و دەسەڵاتی سیاسی بەوردی لێدوانی داوە.

دوایین دەرکەوتنی مامۆستا لە میدیاکاندا ڕۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٨٩ (٧ی سپیتامبر ٢٠١٠) لە تەلەڤیزیۆنی فارسی بی‌بی‌سی لە پرۆگرامی "بەعبارت دیگر"دا بوو؛ لەوێدا وتووێژێک بە زمانی فارسی لەگەڵ مامۆستا بڵاوکرایەوە کە لە ئاستی کوردستان و ئێران و دەرەوە دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو. ئەم گفتوگۆیە زۆرێک لە بیروبۆچوونەکانی مامۆستای تێدایە لەسەر کوردستان، ئێران، ئازادی و دیموکراسی، دین و بیروباوەڕ، پرسی ژن، ڕۆڵی حکوومەتی دینی و هەروەها بزووتنەوەی سەوز.

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە کاتژمێر ٢٣.٥٠ی پێنجشەممە بیست ویەکی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ ڕێکەوتی ١٠ مانگی فیۆرییەی ساڵی ٢٠١١ لە نەخۆشخانەی ئاکادێمیسکا لە شاری ئووپسالای وڵاتی سوید دڵی گەورەی مامۆستای زانا، ڕێبەر و بیرمەند، تێکۆشەری لەمێژیینە و ماندوویینەناس مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی لە تەمەنی ٨٩ ساڵیدا لە لێدان کەوت. لەم ڕۆژە دا دڵێک وەستا کە پڕ بوو لە هیواو ئومێد بە دوارۆژێکی گەش بۆ گەلی کورد بەتایبەتی و بۆ هەموو مرۆڤایەتی بە گشتی. ئەو دڵەی کە لێوانلێوبوو لە خۆشەویستی بۆ کوردستان و خۆشەویستی مرۆڤ.

لە ڕۆژی ٢٨ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٩ ڕێکەوتی ١٧ی فیۆرییەی ٢٠١١ زایینی تەرمەکەی لە شاری سلێمانی لە گردی سەیوان بە خاک سپێردرا.

مامۆستا شێخ عێزەدین و سەیدزادە خانمی هاوسەریان حەوت منداڵیان هەیە: ئایشێ، فاطمە، جمال‌الدین، شیرین، پەروین، سەیران و جەمیلە.

سەرچاوە : ماڵپەری قادرزادە



## کورتەیەک لە ژیاننامەی ماموستا مەلا خدر عەبباسیی [ ١٩٩٧ - ١٩٣٤ ]

ماموستا مەلا خدر عەبباسیی لە مانگی خەزەڵوەری ١٣١٣ی کۆچی – هەتاویی (نۆڤەمبەری ١٩٣٤ ) ی زایینیی لە بنەماڵەیەکی ئایینیی زەحمەتکێش و هەژاری کوردستان لە گوندی (سیسێر) ی ناوچەی گەورکی سەردەشت لە کوردستانی بندەستی ئێران هاتۆتە دنیاوە. باوک و دایکی چاوی هیوای دوارۆژێکی روون و پڕشنگداریان تێبڕیبوو کە بۆیان ببێتە داری بەریی و بۆیە، سەرەڕای دەستکورتیی بنەماڵەکەشیان و لەکاتێکدا هێشتا تەمەنی لە ٥ ساڵ تێپەڕ نەکردبوو، باوکی لە مزگەوتی دێ لەلای ماموستای گوند نایە بەر خوێندن. ئەو زۆر زوو قۆناغەکانی فەقێییەتیی بڕین و پلە بەپلە رادەی زانست و ئاستی تێگەیشتنی دەچووە سەر. زیرەکیی و بەتوانایی ماموستا بە ڕادەیەک بوو کە مرۆڤی نەشارەزا هەرگیز باوەڕی نەدەکرد ئەو زانست و پلە لە خوێندەوارییە لەو تەمەن و باڵایە بێتەوە. بۆ زیاتر کۆکردنەوە و وەسەریەکنانی زانستەکان زۆر لە ناوچەکانی کوردستانی کوێستان (کوردستانی بندەستی ئێران) و کوردستانی گەرمێن (باشووری کوردستان) گەڕاوە و وەک پیشەی فەقێیەتیی و باوی مەلایەتیی هەمیشە بەدوای ماموستا ناسراو و زانا گەورەکانی کوردستاندا گەڕاوە تا لەخزمەت ئەو گەورە پیاوانەدا درێژە بە خوێندن بدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە ساڵی ١٣٣٤ (١٩٥٥ ی زایینیی) دەچێتە خزمەت زانای پایەبەرز و ناودار ماموستا مەلا مەحەممەد بۆکانیی (مەلا مەحەممەد رەئیس) کە لە گوندی (گەڵاڵە) ی شینکایەتیی کوردستانی گەرمێن ماموستا بوو. لەوێ لەخزمەت ئەو بەڕێز و بلیمەتەدا دوایین دەرسەکانی فەقێیەتیی دەخوێنێ و پاییزی ١٣٣٥ (١٩٥٦ ی زایینیی) لە ڕێوڕەسمێکی گەورە و پڕشکۆدا هەر لەوێ ئیجازەی مەلایەتیی وەردەگرێ، پاشان دەگەڕێتەوە ناوچەی سەردەشت و ماڵ پێکەوە دەنێ و لە گوندی (سارتکێ) ی ناوچەی گەورک دەبێتە ماموستا و فەقێی لە دەور کۆدەبنەوە و دەست بە دەرسوتنەوە دەکا و ئیتر قۆناغی کار و خزمەتی ماموستا بە ئیسلام و رۆڵەکانی کورد دەستپێدەکا. هێشتا تازەلاو بوو کە بیری لە کۆیلەیی و کلۆڵیی گەلی مسوڵمانی کوردی دەکردەوە و بەئاواتەوە بوو رۆژێک بێ ئەو گەلەش وەک گەلە ئازادەکانی دنیا بە ئازادیی و سەربەستیی بژی. لەو پێناوەدا لە مزگەوت و حوجرە و منارەکانەوە بانگی حەقی بەگوێی خەڵک دادەدا و جەماوەر بەگشتیی و فەقێ و قوتابییەکانی بەتایبەتیی لە زوڵم و زۆریی رژێمی دیکتاتۆر و خۆسەپێنی شایەتیی وریا دەکردەوە بەجۆرێک کە بە یەکێک لە کەسایەتییە بەرچاوەکانی کوردستان، لە پەیوەندیی لەگەڵ دژایەتییکردنی رژێمی شا و روونکردنەوەی راستییەکان بۆ خەڵک ناسراوبوو.

زۆری پێنەچوو لە ١٠ ی خەزەڵوەری ١٣٣٨ (١٩٥٩ ی زایینیی) دابە تاوانی دژایەتییکردنی رژێم و هاندان و ئامادەکردنی خەڵک بۆ نارەزایەتیی نیشاندان لەدژی دەسەڵاتی تاغووتیی لەلایەن ساواک (دزگای ئەمنییەتی رژێمی شا) وە گیرا و رەوانەی زیندانە بەسام و ترسناکەکانی قزلقەلعە و قەسری قاجار لە تاران کرا. ئەشکەنجە و ئازاری زیندان ئیمان و باوەڕی ماموستای لەق نەکرد و لە گرتووخانەشدا خۆڕاگریی خۆی بە دوژمن نیشان دایەوە. پاش چەند مانگ و لە دادگاییەکی ساواکیانەدا ماموستا خدر حوکمی ١٠ ساڵ زیندانیی بەسەردا درا بەڵام رووداوی چەند گۆڕانکارییەک لە ناوچەکەدا و لە هەمووان گرنگتر هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لە باشووری کوردستان دا وایان کرد رژێمی شا چاو بەسەر حوکمی گیراوە سیاسییەکاندا بگێڕێتەوە و لە ئەنجامدا رۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٤١ (١٢ی ئاوریلی ١٩٦٢ ) ماموستا لە گرتووخانە ئازادکرا. پاش ئازادبوونیشی سەرلەنوێ و بە گڕوتینێکی زیاترەوە هەر لە سارتکێ دەستی بە دەرسگوتنەوە کردەوە بەڵام هەمیشە لەژێر چاوەدێریی وردی سیخوڕەکانی رژێمدا بوو.



ماموستا مەلا خدر عەبباسی

لە راپەڕینی مەزن و پیرۆزی خەڵکی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩ی زایینیی) لە دژی رژێمی شایەتییدا ماموستا مەلا خدر وەک هەمیشە بوو بە رێبەر و پێشەنگی جەماوەر و چالاکانە هەموو توانا و لێهاتوویی خۆی بۆ کۆکردنەوە و رێکخستن و هاندان و رێنوێنییکردنی دۆستان و هاوبیران و هاوەڵان و جەماوەری کوردستان بەکار هێنا. خەڵکی کوردستان بەگشتیی و ناوچەی سەردەشت بەتایبەتیی خۆیان شاهیدی زیندووی ئەو رۆژانەن کە تێیدا ماموستا مەلا خدر وەک رابەر و ماموستایەک پێش لاوانی خۆپیشاندەر و خەڵکی شۆڕشگێڕ و راپەڕیو دەرکەوت و رووبەڕووی دەزگا داپڵۆسێنەر و چەکدار و سیخوڕە خوێنرێژەکانی رژێمی تاغووتیی شا دەبوونەوە. دوای سەرکەوتنی شۆڕش و رووخانی رژێمی (شا) ش ماموستا وەک سەرکردەیەکی کورد و نوێنەری ناوچەی سەردەشت لە چەندین کۆبوونەوەی وتوێژ لەگەڵ رژێمی تازەدا ئامادەبوو. لە یەکەم کۆبوونەوەی نوێنەرانی کورد لە (مەهاباد) و لە کۆبوونەوەی رێبەرانی ئایینیی خەڵکی کوردستان بۆ دارشتنی بەیاننامەی سێ ماددەیی لە شاری سەقز و هەروەها لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای شەڕی سێ مانگەدا ماموستا چالاکانە بەشدار بوو.

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی مسوڵمانی ئێران و دامەزرانی حکوومەتێکی ئیسلامیی کە لەژێر سایەیدا گەلی مسوڵمانی کوردیش بە هەموو مافە رەواکانی خۆی بگا لە ئاواتە هەرەمەزن و پیرۆزەکانی ماموستا خدر بوون بەڵام بەداخەوە خومەینی و داردەستە خوێنرێژەکەی هەر زوو شۆڕشی گەلانی ئێرانیان لە ئامانجە پیرۆز و راستیینەکانی خۆی دوورخستەوە و دەسەڵاتیان لەخۆیان تاپۆ کرد و وەڵامی داوارەواکانی گەلی مسوڵمانی کوردیشیان بە ئاگر و ئاسن و خوێنرشتن دایەوە





دوای داسەپاندنی شەڕ لەلایەن رژێمی زۆرداری تازەوە مامۆستا بۆ ماوەیەک کە لە دەفتەری (شێخ عزالدین حسینی) دا کاری کرد بەڵام کاتێک بۆی ڕوون بووەوە کە ویستەکانی ئە و رێبازی (شێخ) بەیەک ناخۆن لەگەڵ پۆلێک مامۆستا و زانای تر وەلایان نا و پاش لێکدانەوەیەکی ورد و هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر و هەمەلایەن لە ٥ ی خەرمانانی ١٣٥٩ ی کۆچیی – هەتاویی (٢٧ی ئووتی ١٩٨٠ زایینیی) دا رێکخراوێکی سیاسیی کوردیان بەناوی (رێکخراوی خەبات،ی نەتەوایەتیی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران "خەبات")، کە خاوەنی بەرنامە و چارەسەری ئیسلامیی بۆ کێشەی کورد بوو، دامەزراند و مامۆستاش سەرەڕای داڕشتن و نووسینی بەرنامە و پێڕەوی ئەو رێکخراوە (خەبات) ی پێبەخشرا. مامۆستا مەلا خدر وەک زانایەکی شارەزا و سیاسەتمەدارێکی لێزان و کارامە لە سەرکردایەتیی رێکخراوی خەبات دا چالاکانە بۆ بەرەوپێشبردن و گەشەپێکردنی رەوتی کای ئەو رێکخراوە رەسەن و شۆڕشگێڕەی کوردستان خەباتی کرد و تێکۆشا.

لە ٣ ی جۆزەردانی ١٣٦٦ (٢٤ی مای ١٩٨٧) و دوای وەلانانی خۆسەپێن و دەسەڵاتخوازان لە ریزەکانی رێکخراوی خەبات، مامۆستا مەلا خدر کرا بە بەرپرسی یەکەمی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران. بە درێژایی مێژووی تێکۆشانی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕیش مامۆستا وەک زانا و رابەرێکی بلیمەت و لێهاتوو سەرکردایەتیی تێکۆشان و خەباتی ئەو رێکخراوە و ئەندام و کادر و پێشمەرگەکانی دەکرد. ئیمانپتەویی، پشوودرێژیی، بیرتیژی، کارامەیی، بەئەزموونیی و ورە و خۆڕاگریی مامۆستا مەلا خدر لە رەوتی تێکۆشانی تێکۆشانی پڕبەرهەم و رەنجی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستاندا بە تەواوەتیی رەنگی دایەوە و سیفەتە بەرزەکانی ئەو لە رۆژگارە هەرە دژوار و پڕلەندەکانی خەباتدا بە کردەوە بۆ دوژمن و نامۆ و خۆیی سەلمێندران و بوونە هەوێنی خۆڕاگریی و سەربەخۆبوونی سیاسیی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕ و قوتابیی و هاوبیرانی مامۆستا. مامۆستا خدر سەرەڕای ئەوەی وەک زانایەکی گەورە و شارەزا و ڕابەرێکی لێهاتوو بۆ خزمەت بە گەلی مسوڵمانی کورد و گەیشتنی ئەو گەلە بە مافەڕەواکانی خۆی هەمیشە لە ناوجەرگەی گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندا بوو، لە هەمان کاتیشدا نووسەرێکی حەقبێژ و خاوەنقەڵەم و شاحیرێکی هەستناسک بوو کە بە خامە بەبڕشتەکەی سەدان وتار و زنجیرەوتاری گەورە و گچکە و لێکۆڵینەوە و هۆنراوەی ناسکی نووسیوە و لە رادوێ و بڵاوکراوەکانی رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕ، وەک گۆڤارەکانی (تێکۆشان و بێستان) و زۆر جێگەی تردا،

سەرەتای ساڵی ١٣٧٥ (١٩٩٦ ی زایینیی) نیشانەکانی نەخۆشییەکی کوشندە لە جەستەی مامۆستادا سەریان هەڵدا و رۆژبەڕۆژیش نەخۆشییەکەی زیاتر تەنگی بە تەندروستیی ئەو هەڵدەچنی بەڵام مامۆستا خدر بە ئیمان بە فەرموودە پیرۆزەکانی (قل لن يصيبنا الا ما كتب الله لنا) و (اينما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشيدة) سەرەڕای نارەحەتیی و ئازاری زۆر بۆ ساتێکیش لە کار و خەبات نەوەستا.

سەرەتای بەهاری ١٣٧٦ (١٩٩٧ی زایینیی) بۆ راپەڕاندنی هەندێک کاروباری سیاسیی و چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی سەردانی ئوروپای کرد و پاش چەند مانگێک بەرەو کوردستان گەڕایەوە، لە رێگەی گەڕانەوەیدا بوو کە هەواڵی شەهیدکرانی کوڕێکی بەناوی (خالید عەبباسیی) رۆژی١٦ی جوزەردانی ١٣٧٦ (٦ی ژوئەنی ١٩٩٧) بەدەستی تیرۆریستە چڵپاوخۆرەکانی رژێمی خومەینی لە شاری سلێمانی پێگەیشت نەخۆشیەکەی تادەهات توندتر دەبوو هەر بۆیە کۆتایی هاوینی هەمان ساڵ بەمەبەستی چارەسەرکردن سەفەرێکی تری ئوروپای کرد. پزیشکەکان بێ هیوا و دەستەوەستان مان بەڵما مامۆستا باوڕی قووڵی بە (ربي الذي يحيى و يميت) هەبوو بۆیە رۆژبەڕۆژ سەبر و خۆڕاگرییەکەی زیاتر دەبوو. سەرەنجام رۆژی ١٣ی سەرماوەزی ١٣٧٦ (٤ی دیسامبری ١٩٩٧) لە ئۆسلۆی پێتەختی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد و گیانی پاکی بەرەو دنیای هەرمان لە شەقەی باڵی دا و چەند رۆژ دواتر لە رێورەسمێکی پڕشکۆ و تایبەت و لەناو ئاپۆڕەی جەماوەرێکی زۆری کورددا لە گۆڕستانی ئەو شارە بەخاک سپێردرا.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی مامۆستا مەلا خدر عەبباسیی بێ و لە یەزدانی دلۆڤان و بەبەزە دەپاڕێینەوە بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکا و لە ریزی ئەوانە قبووڵی بکا کە دەربارەیان دەفەرموێ (من المؤمنين رجال صدقوا ما عهدوا الله عليه فمنهم من قضى نحبه و منهم من ينتظر وما بدلوا تبديلا).

واتە: هەرگیز لەوە زیاترمان بۆ پێشنایە کە خوا لە چارەی نووسیوین.

واتە: دڵنیا بن لە هەرکوێ بن مردن دەتانگاتێ و یەخەتان پێدەگرێ با لە قەڵا و شوێنی زۆر سەخت و قایمیشدا بن.

واتە: پەروەردگاری منە کە ژیان دەبەخشێ و هەر ئەویشە دەشمرێنێ.

واتە: کەسانێک لەنێو ئیمانداراندا هەن کە ئەو پەیمانەی داویانە بە خوا پابەندن پێی و لێی لانادەن، جا لەوانە هەیانە گیانی بەخشیوە و هێندێکیشیان چاونۆڕن و تۆزقاڵێکیش سۆز و پەیمانی خۆیان نەگۆڕیوە.

سەرچاوە : ماڵپەری رێکخراوی خەبات،ی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

================================================================================





## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید فوئاد مستەفا سولتانی [ ١٩٧٩ - ١٩٤٨ ]


شەهید فواد نستەفا سولتانی

کاک فوئاد ساڵی ١٣٢٧ ی هەتاوی ( ١٩٤٨ی زایینی) لە ئاوایی "ئاڵمانە" ی مەریوان لە دایک بوو. دەورەی منداڵیی تا تەمەنی نزیک دەساڵی لە وێ تێپەڕ کرد و لە خوێندنگەی گوندەکە تا پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێند. بۆ درێژەدان بە خویندن، کاک فوئاد و چەند کەس لە براکانی چوونە شاری سنە. پۆلی پێنجەمی لە خوێندنگەی گەڕەکی "قەتارچیان" دەست پێکرد. وەک خوێندکارێکی ئازا و وریا بووە جێگەی سەرنجی هاوڕێیان و مامۆستاکانی و، لە بواری هەندەسە و حیساب و داڕشتن چەند جار نامەی پێزانینی لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگەکە وەر گرت. کاک فوئاد لە خوێندکارە هەرە بە ناوبانگەکانی شاری سنە بوو. خوێندنی سەرەتایی سەرکەوتوانە تەواو کرد و، لە دەبیرستانی "ڕازی" درێژەی بە خوێندن دا. دوای تەواو کردنی پۆلی نۆیەم، بەشی ماتماتیکی هەڵبژارد و لە "دەبیرستانی هیدایەت" درێژەی بە خوێندن دا. بەر لەوەی بچێتە پۆلی دوازدە، وەک خوێندکارێکی نموونە هەلبژێردرا و، ناردرا بۆ شاری "ڕامسەر" لە باکووری ئێران بۆ ئوردوویەکی هاوینە کە تایبەتی خوێندکارانی هەڵبژاردە بوو.

لە سەردەمی خوێندندا، هاوینان بۆ دیداری دایک و باوک دەگەڕایەوە ئاڵمانە، بەڵام ساڵی ١٣٤٥ وەک کارمەند بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئیدارەی "تووتن"ی شاری مەریوان کاری کرد. بۆ درێژەپێدانی خوێندن لە زانستگە بەشداریی تاقیکردنەوەی سەراسەری (کونکوور)ی کرد و لە زۆرتر لە دوازدە زانستگەی بە نرخ و دژواری ئێران ، لە ئاستێکی بەرزدا، وەرگیرابوو. بە تەمای درێژەپێدانی خوێندن لە "زانستگەی نەوتی ئابادان" بەشداریی لە تاقیکردنەوەیەکی تایبەتی ئەو زانستگەیە کرد و ئەنجامی سەرکەوتووانەی بەدەست هێنا و ناوی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە. لە گفتوگۆیەکدا بە ڕێوەبەرانی زانستگەکە پرسیاریان لێکردبوو ئەگەر ببی بە سەرۆک وەزیری ئێران چ دەکەیت ؟ وەڵامی دابووەوە "بۆ گەڕەکە فەقیرنشینەکانی ئێران ئیمکاناتی مەدرەسە، زانستگە، کارەبا، جادە، ئاوی خاوێن و خزمەتگوزاریی فەراهەم دەکەم" . هەر ئەو هەڵوێستەی کاک فوئاد بوو بە هۆی ئەوە کە لە زانستگەی نەوتی ئابادان وەرنەگیرێ. هاوینی ئەو ساڵە، بۆ خوێندن لە زانستگە چووە تاران و لە گەڕەکی "خانی ئاباد"ی تاران لە لایەن ناسراوێکەوە ماڵێکی بۆ دابین کرا. سەرەنجام چووە زانستگەی "ئاریامیهر". لە تاران لە گەڵ ڕووناکبیران و خوێندکارانی زانستگە و تێکۆشەرانی ڕادیکاڵ و چەپ ئاشنا بوو و هاوبیرەکانی خۆی دیتەوە .

ساڵی ١٣٤٨ ی هەتاوی لە گەڵ ژمارەیەک لە ڕووناکبیرانی چەپ و تێکۆشەر، بە نهێنی ڕێکخراوێکیان دامەزراند کە دواتر بە "کۆمەڵە" ناسرا. بەشێکی گەورەی کاتی خۆی بۆ خوێندنەوەی کتێبی مارکسیستی و بەشداری لە کۆبوونەوە نهێنییەکانی کۆمەڵەدا تەرخان کردبوو. دەورەی "سەربازی"یەکەی وەک "سیتوان دووی وەزیفە" ، لە "ئیدارەی بەرق"ی شاری مەریوان دەس بە کار بوو. لە بەرانبەر ساواک و دەست وپێوەندەکانی -وەک "نیروومەند" فەرماندناری ئەوکاتی مەریوان- کە هەوڵیان دەدا لە هەموو لایەنێکی ژیانی شارەکەدا دەخالەت بکەن، بە توندی ڕاوەستا. ئەم ڕاوەستانە ئۆتۆریتەی کاربەدەستانی حکوومەتی لە شارەکە، شکاندبوو. ساواک زەمینەی بۆ دوورخستنەوەی کاک فوئاد ئامادە کرد و، وەک کاربەدەستی کارەبا بۆ شاری "برووجرد" گوازرایەوە. ئەوەی خزمەتی چاک بوو لە دوو شاری مەریوان و برووجرد، دەرحەق بە خەڵکی دەستەنگ و هەژار کردی و یادگاری شیرینی لە خۆ بە جێهێشت. دوای دەورەی سەربازی لە ئەنستیتو و هونەرستانی شاری سنە وەک دەبیری فەننی وەرگیرا. لە گەڕەکی "ئاغەزەمان" ماڵێکی بە کرێ گرتبوو. کەمتر لە مانگێک لە هونەرستان کاری کرد. ساواک لە کەمیندا بوو. گرتیان و هەر ئەو ڕۆژە بردیانە زیندانی "کومیتەی هاوبەش" لە تاران، کە سێ دەزگای ساواک، پۆلیس و ژاندارمە بەڕێوەیان دەبرد. ماوەیەک لە زیندانی کومیتە شکەنجە کرا، بەڵام ساواک نەیتوانی وەرەی بشکێنێت و قارەمانانە نهێنییەکانی کۆمەڵەی پاراست. بۆ زیندانی "قەسر"ی تاران گوازرایەوە و زیاتر لە سێ ساڵ لەوێ بەند کرا. لە زیندانی "قەسر" بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بارودۆخی زیندان مانی لە خواردن گرت وبۆ شکاندنی ورەی، بۆ ماوەیەک لە بەندی زیندانیانی سیاسییەوە گوازرایەوە بۆ ناو زیندانییانی ئاسایی.

حکووومەت بە نیازی هەندێک گۆڕانکاری لە ئێران- کە لە سەردەمی جیمی کارتەردا ئەو گۆڕانەی فەزای سیاسی لە ناو ڕووناکبیرانی ئێراندا بە تەوسەوە بە "جیمیکراسی" ناودێر کرابوو- تا ڕادەیەک گوشاری لەسەر زیندانیانی سیاسی کەم کردەوە. نوێنەرانی خاچی سوور، سەردانی زیندانییە سیاسییەکانیان کرد و کاک فوئاد بە هۆی خەباتی ناو زیندانەوە، ناسراو بوو. لە ساڵی کۆتایی زینداندا، کاک فوئاد داوای کرد کە بهێنرێتەوە بۆ زیندانی شاری سنە و حکوومەت قەبووڵی کرد.


زیندانی سنە مەیدانێکی خەباتی پڕ لە سەروەری و شانازی و دەوری پێشڕەوانەی کاک فوئادە. لە زیندانی سنە ماوەی ٢٤ ڕۆژی تەواو کاک فوئاد و هاوڕێیانی مانیان لە خواردن گرت. مانگرتنەکە لە دەرەوەی زیندان دەنگی دایەوە و، کاری کردە سەر ورەی خەباتکارانەی جەماوەری خەڵک. یارمەتیی ئەندامانی بنەماڵە و هاوڕێیانی کۆمەڵە و تێکۆشەرانی شارەکە لە دەنگدانەوەی ئەو خەباتەی ناو زیندان لە شاری سنە بەرچاو بوو.

پاش تەواوبونی دەورەی چوار ساڵەی زیندان، پاییزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کاک فوئاد ئازاد کرا. لە ناو ڕێز و پێشوازییەکی گەرم و کەموێنەدا کاک فوئاد گەڕایەوە "ئاڵمانە". گوندەکە بۆ ماوەی دە ڕۆژ بوو بە ناوەندی کۆبوونەوەی ژمارەیەکی بەرچاوی دۆست و ناسیاو کە لە دوور و نزیکەوە هاتبوون بۆ بەخێرهێنانەوەی کاک فوئاد.

شۆڕش و شەپۆلەکانی، هەموو ئیرانی داگرتبوو. شارەکان ناوەندی جووڵە و خەبات بوون. ڕەوتی ڕووداوەکان بە خێراییەکی کەموێنە بەرەوپێش دەچوو. حکوومەتی پاشایەتی بەرەبەرە هەرەسی دەهێنا.

کاک فوئاد لەسەروبەندی ڕاپەڕیندا، بە وزە و شەوقێکی یەکجار زۆرەوە، چالاکییەکانی خۆی پەرەپێدا و ئەمجار وەک ڕابەرێکی ناسراو لە ڕێنوێنیکردنی خەباتی سیاسیدا دەوری گێڕا. لە خەباتی زەحمەتکێشانی "بێلوو" دژی خاوەن مڵکەکان ، هەتا سەرکەوتن دەوری سەرەکیی گێڕا و بە بۆنەی سەرکەوتنی خەباتەکە، لە گەڵ هاوڕێیانی کۆمەڵە جەژنێکیان لە ئاواییەکە

بەرپا کرد و لە وتارێکدا پیرۆزباییان لە جەماوری خەڵک کرد .
کاک فوئاد لەو یازدە مانگەی دوای زینداندا، هەموو توانا و کاتی خۆی بۆ خەباتێکی لێبڕاوانە لە پێناو ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ژێردەستە و چەوساوەدا لە کوردستان تەرخان کردبوو. لە ماوەی نزیکەی دوو مانگدا، یانی لە بیست و سێهەمی مانگی پووشپەڕەوە هەتا نۆی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨، بە ڕێبەریی کاک فوئاد ژمارە یەک لە هەستیارترین، بەناوبانگترین و گەشترین ڕووداوەکانی مێژووی کۆمەڵە و خەباتی سیاسیی کوردستان و ئێران هاتنە ئاراوە.




کۆچی خەڵکی مەریوان، ڕێپێوانی حەماسی وگەورەی گەنجانی کچ و کوڕی سنە بەرەو مەریوان، گفتوگۆی ڕاستەخۆ لە گەڵ دوژمن، سەرکەوتنی کۆچ، ڕێپێوانی گەنجانی سەقز، بانە، بۆکان و سابڵاغ بەرەو مەریوان و پاشەکشەی سیاسیی هێزی کۆنەپەرستی لە کوردستان، پێکهاتنی شوورای مەریوان و ... چەند نموونەی خەبات و ڕووداوە سیاسییەکان بە ڕێبەریی کاک فوئاد بوون. بە بۆنەی دەوری بەرچاوی کاک فوئادەوە بوو کە ئەوکات دەگوترا:
مەریوان مەریوان، سەنگەری ئازادەگان!
بە ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد لە دژی خەڵکی کوردستان، قۆناغێکی دیکەی خەبات و خۆڕاگری لە کوردستان دەستی پێکرد. لە بەرانبەر لەشکرهێنانی حکوومەت و بۆمبارانکردنی شارەکان و گوللە باران کردنی بەکۆمەڵی تێکۆشەراندا، شەپۆلێکی بەرینی خۆڕاگریی چەکدارانە لە کوردستان کەوتەڕێ. کاک فوئاد لە ڕابەریکردنی ئەو خۆڕاگرییەدا دەورێکی گەورەی بوو.
کاک فوئاد پێش بیستنی هەواڵی تیرە بارانکردنی نۆ گیانبەختکردووی مەریوان، کە دووانیان کاک حسین و کاک ئەمین برای بوون، لە شاری بانە بوو. لە بانە لە گەڵ هاوڕێیانی کۆمەلە لە چەند کۆبوونەوە و دیدار لە گەڵ بەڕێزان مامۆستا شێخ عیزەددینی حوسێنی، دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو، مام جەلال، شێخ جەلال حوسێنی، نوێنەرانی سازمانی چریکەکان و نوێنەرانی پەیکار بەشداریی کرد و پاشان بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵە بەرەو مەریوان گەڕایەوە.
پاش وتووێژ و ڕێکخستنەوەی کۆمەلە لە مەریوان، دیسانەوە بەرە و بانە گەڕایەوە .
لە گەڕانەوە بۆ بانە، لە شەڕێکدا کە لەوە دەچوو بە پیلانێک لە دژی کاک فوئاد دارێژرابێ، لە گەڵ بەڕێز "تەهموورس ئەکبەری" نوێنەری سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران ڕۆژی نۆی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی (هاوینی ١٩٧٩) لە نزیک ئاوایی "بەسام" گیانی بەخت کرد.
خەڵکی ناوچەکە، تەرمی کاک فوئادیان بۆ مزگەوتی "جامیعە"ی مەریوان، هێنایەوە. خەڵکی مەریوان خێرا بەرەو مزگەوت ڕێ کەوتن و دوایین ماڵاوییان لە کاک فوئاد کرد. هەر شەش ڕۆژ لە گیانبەختکردنی کاک ئەمین و کاک حسین تێپەڕ بووبوو کە تەرمی کاک فوئادیش لە گۆڕستانی "تاڵەسوار" لە ئاوایی "ئاڵمانە" ئەسپەردە کرا.
سەرچاوە : ماڵپەری کاک فواد

================================================================

## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید سەعید یەزدانپەنا [ ١٩٩١ – ١٩٦٣ ]

لە ساڵی ١٩٦٣ی زاینی لەگوندی"سەقزلو"ی سەربەناوچەی فەیزۆڵابەگی، لەناو بنەماڵەیکی خاوەن رابردوویەکی شۆڕشگێڕانە و کورد پەروەرو مرۆڤ دۆستی بەگزادەکانی فەیزۆڵابەگی چاوی بەدونیای پڕ لەئازاری نەتەوەکەی پشکۆت.




ئەو کاتەی کە کاک سەعید تەمەنی گەیشتەئەو تەمەنەی کە بچێتە قوتابخانەی سەرەتایی لەگەڵ کاک رەشیدی برا گەورەی کەدواتریش کاک رەشید رۆڵی بەر چاوی هەبوو لەهاندانی کاک سەعید بۆ چوونەناو رێزی خەبات و بەرخۆدان. پێکەوە لە قوتابخانەی"خاقانی" لەشاری بۆکان خوێندنی سەرەتایی خۆی دەست پێکرد، ژیری و هوشمەندی کاک سەعید لەو تەمەنەکەمە دا هەر لەسەرەتاوە سەرنجی ماموستایانی راکێشابوو، بەچەشنێک کەزۆربەی ئەو ماموستایانە لە گەڵ باوکی کاک سەعید پێوەندییان دەکرد و باسی تایبەتمەندییەکان و وشیارییەکانی کاک سەعیدیان بۆ بنەماڵەکەی کاک سەعید دەگێڕایەوە، دەیان وت سەعید قوتابیکی بێ وێنەیە و ئاستی وشیاری لە چاو هاوپولەکانی زۆر بەرزترە و بەباوکی کاک سەعیدیان دەوت کە تکایە ئاگاتان لەو کورە بێت ئەوەدوا رۆژێکی گەشی هەیە.
کاک سەعید لە بۆکان درێژەی بەخوێندن دا، تا ساڵی ١٩٧٩ کە لە ئێران و کوردستانی داگیرکراو دا ئاڵوگوڕی سیاسی بەهێز سەری هەڵداو کاک سەعید هەر لەسەرەتای بەشداریەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خۆپێشاندانەکانی کۆتایی ٧٠ کانی زاینی کە بۆ رۆخانی حوکمی پاشایەتی لەئێران دەستی پێکردە بوو چالاکانە بەشداری دەکرد. کاک سەعید هەر لەسەرەتاوە لە گەڵ کاک رەشیدی براگەورەی و زۆر لاوی دیکەی شاری بۆکان بەدوو هۆکار چوونە ناو ریزەکانی رێکخراوی چریکەفیدایەکانی خەڵکی ئێران، یەکەم بەهۆی ئەوەی کە ئەوسا بیری چەپی و مارکسی باڵی بەسەر زۆربەی لاوانی ئازادیخوازی جیهان دا

کێشابوو.دووهەم، بەهۆی ئەوەی کەئەو ڕێکخراوە باوەڕی بەمافی چارەنووسی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران هەبوو. لە پاش رووخانی حکومەتی پاشایەتی و رزگاری بوونی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ چەند ساڵێک، کاک سەعید وێڕای درێژە دان بەخوێندن، بەردەوامیش بوو لەچالاکییەسیاسیەکانی لەناو ریزەکانی ڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی خەڵکی ئێران، کاک سەعید لەتەمەنی ١٥ساڵی دا بوو بەبەرپرسی پێشگامی ئەو ڕێکخراوەیەلە شاری بۆکان و بەرپرسیارییەتی پێگەیاندنی دەیان لاوی ئەو شارەی وەئەستوو گرت.حکومەتی تازەپێگەیشتووی ئێران لەژێر ناوی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەسەرەتاوە بە فتوای خومەینی رێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران، زۆر زوو هێرشیان بۆ سەر شارو شارەچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێکرد و خەڵکی کوردستانیش بێ دەنگ رانەوەستان و لاوانی فیداکاری کورد بۆ بەرەنگاری هێرشی پاسدارانی رژیمی ئێران لەناو حیزب و ڕێکخراوەسیاسییەکانی ئەوسادا خۆیان ڕێک خستبوو، بەئیرادەیکی پۆڵاینەوە بە کەمترین ئیمکاناتی چەک و چۆڵی بەرەنگاری هێرشی پاسداران دەبوو. کاک سەعید لەو تەمەنەدا شان بەشانی کاک رەشیدی برای و هاوڕێ لاوەکانی بەشکڵی جۆراوجۆر بەربەرەکانی هێزی دوژمنیان دەکرد، هەر لەو دەورانە دا بوو کەناوی رەشید و سەعیدی لاو بۆ زۆربەی خەڵکانی بۆکان، مەهاباد، سەقز، سنەو کامیاران ئاشنا بوو.




ساڵ لە دوای ساڵ کاک سەعید لە بواری فیکری وسیاسییەوە ئاستی بەرز و بەرزتر دەبوو، و بەحەق هەروەک ماموستاکانی لەقوتابخانەی سەرەتایی دا وتبوویان، ئاسوویەکی گەشی دەبێ.

بەڵام بەداخەوە کاک سەعید لەتەمەنێکی کەمدا، لەو ساڵانەی کەبوو پاراستنی شارو گوندی کوردستان هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەوپەڕی خۆنەویستییەوە بەرەنگاری هێزی دوژمن دەبوون، کاک سەعید شۆڕشگێڕ و فیدای، زوربەی هاوسەنگەرەکانی، ئەوانەی کە زۆر لێ نزیک بوون لەشەڕی قارەمانانە دا، گیانیان بەختی ئازادی و دێموکراسی و گەیشتن بە مافی دیاری کردنی چارەنووس کرد کەلەریزی ئەو خۆبەختکەرانە دا، کاک رەشید براگەورە و ماموستای، لەدەست داو کاک رەشید یەزدانپەنا لەخەرمانانی ١٩٨٢ی زایینی لەشەڕێکی قارەمانە دا لەشاری بۆکان شەهید بوو. نەمانی کاک رەشید کاریگەریکی قوڵی بوو لەسەر کاک سەعید.

کاک سەعید لە پاش لە دەست دانی براگەورەی و زوربەی هاوڕێیانی نزیکی، سەهلەبۆ ساتێکیش وازی لەخەبات و تێکوشانی نەهێنا بەڵکوو خوێنی براکەی و هاوڕێیانی کردە هەوێنی خۆپێگەیاندن و خۆسازدان بەرە و رێبەرایەتی کردنی شۆڕشێکی قوڵتر.

کاک سەعید وێڕای تەمەنی کەمی، تائاستێکی بەرز لەبەرپرسیاریەتی لەناو ڕێکخراوی چریکەفیدایەکانی خەڵکی ئێراندا رۆیشت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا،هەمیشەلە ناو کومیتەی ناوەندی ئەو ڕێکخراوە دا پارێزگاری لەمافەکانی نەتەوەی کورد دەکرد و بەحەقیش تاکوو ئەو رۆژەی کەئەو دەرەفەتە لە بارەی بۆ رەخسا کەڕێکخراوێکی ناسیوناڵیستی کورد دامەزرێنێ، بۆ ساتێکیش لەدیفاع لەنەتەوەی کورد لەناو ئەو ڕێکخراوە کە وێڕای باوەڕ بەمافی دیاری کردنی چارەنووس بوو، رانەوەستا کاک سەعید لەتەمەنی ٢١ ساڵی بەرە بەرە بیروکەی دامەزرانی ڕێکخراوێکی تەواو کوردستانی لەبیری دا گەڵاڵە کرد و ساڵ لەدوای ساڵ بۆ دەرفەتێکی لەبارلە بوسەدا بوو.

کاک سەعید وەک بەرپرسی کومیتەی کوردستانی ڕێکخراوی چریکەفیداییەکانی خەڵکی ئێران، کارتێکەریکی بەرچاو و رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە سەر هەموو هاوڕێیانی، بەچەشنێک کەلەکاتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەی کەئاواتی بۆ دەخواست هەموو هاورێیکانی لەگەڵ کەوتن. کاک سەعید لەکۆتایی ساڵەکانی ٨٠ کانی زاینیدا بەرە بەرە هاورێیانی بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد، لەزۆربەی کۆبوونەوەکانی دا باسی لەوە دەکرد کەهیچ حیزب و ڕێکخراوێکی ئێرانی، هەرچەندەش چەپ و مارکسیستی بێت، هێشتاش ناتوانێ بەدیهێنەری ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان بێت، ئەو دەیوت کورد نەتەوەیکە و وڵاتەکەش داگیر کراوە، کەوا بوو دەبێ ڕێکخراوی تایبەت بەخۆی هەبێت.

کاک سەعید ئەو دەرفەتەی کەلەمێژ ساڵ بوو بیری لێ دەکردەوە لە بەهاری ١٩٩١ دا بۆ رەخساو لەراگەیاندراوێک لەدایکبوونی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی راگەیاندو بناغەفیکری و سیاسییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەی لەنامیلکەیکدا لەژێر ناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان باشتر بناسین گەڵاڵە کرد و بەدامەزراندنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و داهێنانی کۆمەڵێک چەمکی نوێ،گۆڕوتین وفورمێکی دیکەی لە گۆڕەپانی خەباتی رزگاری خوازانەی نەتەوەی کورد خۆڵقاند.

لێهاتوویی و پێگەیشتنی فیکری وسیاسی کاک سەعید یەزدانپەنا هەر وەک چۆن سەرەنجی زۆریەک لەتاکەکانی کوردی بۆلای خۆی راکێشابوو، هومێدی بەرێبوارانی رێگای سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بەخشیبوو، هەر واش سەرنجی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و جەلادانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش راکێشابوو، هەر بۆیەش زۆر زوو رژیمی ئێران کەوتە دارشتنی پلانێک بۆ تیرۆری کاک سەعید، رێبەر و دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان.


وابوو کە بەداخەوە لە ئێوارەی رۆژی پێنج شەمەرێکەوتی ٢٨ ی خەرمانانی١٣٧٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٩ی سپتامبری ١٩٩١ی زایینی، لەشاری سلێمانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی ئێران توانیان، دڵی ئەو بیرمەندە لاوە، لەلێدان بخەن.

*سەرچاوە :ماڵپەری کوردی پێدیا*



## کورتەیەک لە ژیاننامەی شەهید حەمە حوسێن کەریمی [ ١٩٧٩ – ١٩٤٩ ]

کاک حەمە حسەین کەریمی (لەدایکبوون ١٩٤٩ - کۆچی دوایی ١٩٧٩) تێکۆشەر و خەباتکەری سیاسی و یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە بوو. ڕۆژی ١٥ی فیۆرییە(٢٦ی ڕێبەندان) لە کێشەی گرتنی شارەبانی شاری سەقز گیانی بەختکرد. بە گیانبەختکردنی ئەو، ڕێکخرای کۆمەڵە
کە تا ئەوکات نهێنی بوو، ئاشکرا کرا و لەو کاتەوە ڕۆژەکە بە ناوی ڕۆژی کۆمەڵە دەناسرێت.




### ژیان

لە بنەماڵەیەکی بێبەش لە بواری ئابووری، لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتە دونیا. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە دا بردەسەر و بۆ خوێندنی ئەندازیاریی کشتووکاڵ ڕەوانەی زانکۆی کەرەج دەبێت. ماوەی خوێندنی لە زانکۆ دەرفەتی پێئەدات بۆ دیتن و بیرکردنەوە لە گەلە ژێردەستەکەی و چینی زەحمەتکێش و کرێکار؛ دروست کردنی ژیانی باشتر بۆ ئەوان دەبێتە ئامانجی. هەر لەوێ چەن کەسی کوردی هاو بیر و ڕای خۆی دەناسێت وەک فواد موستەفا سوڵتانی و عەبدوڵا موهتەدی و باس و لێدوانی ناویان دەبێتە ڕێخستن و سازماندانی بزووتنەوەی کرێکاری و دامەزراندنی ئایدیا سوسیالیستییەکان.
پاش تەواوبوونی زانکۆ لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧١ کارێک لە شاری مەراغەی ئێران ئەگرێتە دەست و سەرقاڵی ئەوە دەبێت بەڵام ئامانجەکانی لەیاد ناکات. هەر بۆیە بە چەندین جار هاتووچۆی بۆ شاری مەهاباد و دیتن و ناسینی چەن کەسایەتی وەک ئیبراهیم عەلیزادە و خانەی موعینی لەگەڵ هاوڕێیانی پێشو هەوڵی ڕێخستنی ڕێکخراوێکی نهێنی بە ناوی کۆمەڵە ئەدەن بۆ دەستپێگەیشتنی ئامانجەکانیان . لە ساڵانی ١٩٧٧ - ١٩٧٩ واتە بۆ ماوەی ٢ساڵ لە گوندێک لە ناوچەی موکریان، نێوانی شارەکانی مەهاباد و سەردەشت، بە ناوی میراوێ خەریکی کرێکاری دەبێت. لەو سەردەمە دا تێکۆشانی نهێنی دەکرد و خەڵکی بە نازناوی وەستا ساڵح (وەسا ساڵە) دەیانناسی و کەسێک کەسایەتی ڕاستەقینەی ئەوی نەدەزانی.
لە ١٣ی ڕێبەندانی ١٣٥٧(١٩٧٩) هەواڵی کوژرانی برایەکی (حەمە ڕەئووف کەریمی) لە شاری تاران، پێی دەگات و بۆ ڕێورەسمی سەرەخۆشی و دیتنی دایک و باوکی خەمباری سەردانی ماڵی خۆیان لە سەقز دەکات. لەو کاتانە دا دەسەڵاتی ناوەندی ڕژیمی پاشایەتی ئێران بە تەواوی لاواز ببو و لە ماوەی چەن ڕۆژی داهاتوو دا شۆڕشی گەلانی ئێران بەرەو سەرکەوتن دەڕۆشت.
ڕێبەندانی ١٣٥٧ شاری سەقزیش هەر تووشی هەمان بارودۆخ بوو؛ لە ڕۆژی ٢٤ی مانگدا پێگەی ژاندارمری کە تەنها شوێنی دەسەڵاتی ناوەندی لە شاردا بوو خەریک بوو دەکەوتە دەستی خەڵک. هەواڵی هەوڵی ئاگرتێبەردانی ئەو شوێنە دەبێتە هۆی ڕۆشتنی کاک حەمە حسەین بۆ بەرگری لەوە. کاتێ لەگەڵ جەماوەر هەوڵی چوونەناوە دەدەن لە حەوشەی ژاندارمریدا، بەر تەقەی چەن فیشەک دەکەوێت. حەمە حسەین دگەیێننە نەخۆشخانە.
دوای تێپەڕبوونی دوو شەو، لە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕیبەندانی ١٣٥٧ (١٥ی فیۆرییەی ١٩٧٩) لە نەخۆشخانەدا بەهۆی برینی فیشەک کۆچی دوایی دەکات و لە قەبرانی شاری سەقز دەنێژرێت و ئێستاش گۆڕەکەی هەر لەوێیە. کۆمەڵە کە تا ئەو کات ڕێکخراوێکی نهێنی بوو، خۆی ئاشکرا کرد و لە دوای ئەوە ٢٦ی ڕێبەندان بە ڕۆژی کۆمەڵە ناونرا.
سەرچاوە : ماڵپەری ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

======================================================================

## کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی [ ٢٠١٠ - ١٩٢٧ ]

* مامۆستا سەید جەلال الدین کوڕی قازی شێخ ێالح، کوڕی سەید محمد، کوڕی عەبدوڵلایە. ساڵی ١٣٠٦ ( ١٩٢٧ی زایینی) لە شاری بانە و لە خانەوادەیێکی ئایینی ئەو شارە لە دایک بووە. هەر لە منداڵیەوە نێردراوەتە بەر خوێندنی فەقێەتی، سەرەتا لە بەر دەستی خوالێخۆشبوو قازی شێخ ێاڵحی باوکیدا خوێندوویەتی و لە دوای مەرگی باوکیشی دوای ماوەیێک دابڕان لە خوێندن، لە ساڵی ١٣٢٠ چۆتەوە فەقێیەتی و ئیدامەی بە خوێندنەکەی داوە. ساڵی١٣٢٤ چووەتە ناو کۆمەڵەی ژێکاف و بڕیاری داوە دڵسۆز بۆ کورد و فیداکار لە ڕێی ئازادی کوردستان بێ. لە دوای ئەم بڕیارە و هاوکات لەگەڵ خوێندنەکەی هەموو دەمێ دڵی لای کوردایەتی بووە.
* لە ناوچەکانی بانە، بۆکان، مەهاباد، پشدەر، شنۆ، لاجان و مەریوان دا لە بەر دەستی مامۆستایانی گەورە خوێندوویەتی.
لە دوای تەواو کردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە شاری بانە و لە مزگەوتی قازی شێخ ێاڵح (کە لە دوایی دا بە مزگەوتی شێخ جەلال ناوی دەرکرد) تەدریسی کردوە، لە کاتی مەلایەتیدا هەموو دەمێ باوەڕ پێکراوی شۆرشگێڕانی گەلەکەمان بووە و حوجرەکەی جێ حەوانەوە و پەنای شۆڕە سوارانی گەل بووە و هاوکاری کردوون.






* لە سەرهەڵدانی خەڵکی کوردستان دژ بە دەسەلاتی شایەتی، دەور و نەقشی بەرچاوی بووە، بەتایبەت لە شاری بانە بەردەوام دنەی خەڵکی ئەو شارەی داوە کە وێکڕای جەماوەری ئێران بچنە مەیدان، وە بەردەوام پێشەنگی ئەو جەماوەرە بووە، لە نێوەندی ساڵی ١٣٥٧دا بە هۆی هاندانی جەنابی مامۆستاوە خەڵکی شاری بانە ڕژانە سەر شەقامەکان و دژ بە ڕژیمی ئەو دەم شیعاریان دا. هەروەها جوێ لە شاری بانە و تا سەرکەوتنی شۆرش بەشداری کردوە لە تەزاهووراتی جەماوەری شارەکانی سەردەشت و سەقز و بۆکان و زۆر بە توندی دژ بە دەسەلاتی ناوەند قسەی کردوە و هێرشی بردوونە سەر.

* لە باری فکریەوە تاک ڕەوی نەکردوە، فاکت و بەڵگە ئەوەیە کە لە دوای ڕووخانی ڕژیمی شا، لە شاری بانەدا شۆراییکی پێک هێنا بۆ بەڕێوەبەری شار، ئەندامانی ئەو شۆرایە بە زۆری لە باری فکریەوە سەر بە هێزە چەپەکان بوون، ڕاستە حەزی کردوە ئەوانەی دەورووبەری هاوفکری خۆی بن، بەلام تەحەمولی فکر و بیری دیکەشی هەبووە. لە کاتی دروست بوونی هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بۆ ووتووێژ لەگەڵ ڕژیمی خومەینی لە ئاخری زستانی ١٣٥٧ ئەندامی هەیئەتەکە بووەو لە کۆبوونەوەکاندا چالاکانە بەشداری کردوە.

* لە ساڵی ١٣٥٨ دا و هاوکات لەگەڵ سەفەری جەنابی مامۆستا شێخ عێزەالدین بۆ تاران و دیداری لەگەڵ خومەینی، جەنابی مامۆستا لەگەڵ پۆلێک لە مامۆستایان و کەسایەتیە سیاسیەکانی ناوچەکە جەولەیێکی سیاسیان بۆ شارەکانی خوارووی کوردستانی ئێران (کامیاران، ڕوانسەر، جوانرۆ، پاوە، نەوسوود، نۆدشە و دزڵی) دەست پێ کرد و هانی خەڵکی ئەو شارانەیان دا بۆ یەکریزی و بەرزبوونەوەی هەستی کوردایەتی تیایاندا.




* هەر ئەو ساڵە لەگەڵ پۆلێک لە روناکبیران و مامۆستایانی ئایینی دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەالدینی دامەزراند کە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستاندا بنکە و هەڵسووڕانی هەبوو. لە دوای فتواکەی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ و هێرشی پاسدار و بەکرێگیراوانی ڕژیمی تازە بەدەسەلات گەیشتوو بۆ سەر کوردستان، دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەالدین کە لەلایەن جەنابی مامۆستا سەید جەلال الدینەوە ئیدارە دەکرا، بەباشی بەرەنگاری ئەو هێزانە بۆوە. لە ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەری ١٣٥٨ دا (جێژنی قوربان) پێشمەرگەکانی دەفتەر ڕووبەرووی هێزەکانی گاردی جاویدان (سپای قودس) بوونەوە (کە ڕژیمی خومەینی ناردبووی بۆ سەرکوتی شۆرشی گەلی کورد) هێزی پێشمەرگە ئەو هێزە زەبەلاحەی ڕژیمیان لە بەر یەک هەڵوەشاند و تەفر و توونایان کرد.

* لە دوای ئەوەی مامۆستا شێخ عێزەالدین ئامادە نەبوو ڕێبەرایەتی هیچ تەشکیلاتێک بکا و ڕایگەیاند کە هێزی چەکداری نیە، لە ٥ی خەرمانانی ١٣٥٩ دا مامۆستا سەید جەلالالدین و ژمارەیێکی دیکە لە مامۆستایان و کەسایەتیە شۆرشگێڕەکانی کوردستان، سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانیان دامەزراند، کە ئەو دەم لە سەر دوو چەمکی نەتەوەیی و ئایینی دامەزرا، هۆی دامەزرانی سازمان لە سەر ئەو دوو چەمکە ئەوە بوو کە تێکڕای هێزە سیاسیەکانی کوردستان لایەنی چەپیان گرتبوو و پێویستی دەکرد هێزێک لەم ڕاستایەدا بێتە مەیدان و ئەو بەشە لە خەڵک کە تەمایولیان نیە بە لای چەپیگەریدا، لە دەوری ئاڵێن.

* لە کونگرەی دووهەمی سازمان کە لە ناوچەی ڕانیە گیرا جەنابی مامۆستا بە زۆرینەی دەنگ بۆ سکرتێری سازمان هەڵبژێرایەوە و بەردەوام بوو لە ڕێبەری کردن و بەرەو پێش بردنی کار و ئەرکەکانی. لەکونگرەی سێهەمدا کە لەشاروچکەی تۆبزاوا لەنزیک هەولێر لەساڵی ١٣٨٥ بەسترا، لەم کونگرەدا زۆرینەی دەنگی نەهێنایەوە بۆ سکرتێری، بەلام وەک ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا و ئەرکی سەرپەرشتی کۆمسیۆنی چاپەمەنی سازمانی لە ئەستۆ گرت و بە بێ دوو دڵی و بە باشی تا کونگرەی چوارەم ئەرکەکەی بەڕێوە برد. لە کونگرەی چوارەم دا بۆ هیچ پلەیێک خۆی کاندید نەکرد و خەریکە بە نووسینەوەی بیرەوەریەکانی بوو .

* بە کورتی شێخ سەید جەلالەدین حسینی برای مەلا شێخ عێزەدین حسینی خەڵکی شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ناوبراو بە دوای شۆرشی گەلانی ئێران سەرەتا لە دەفتەری مەلا شێخ عێزەدین دا کاری دەکرد و لە ساڵی ١٣٥٩ سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێرانی دامەزراند کە ئامانجی دەستەبەر کردنی مافە ئایینی و نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتبۆ بەر. ئەم ڕێکخراوە لە کۆنگرەی سێهەم دا ناوی خۆی بۆ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران گۆڕی. لە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی ڕێکخراوەکە لەتبونی تێکەوت و ژمارەیەک لە ئەنداماں و ڕێبەرانی حیزبەکە کە دیارترینیان مەلا خدر عەباسی بوو، ڕیزی خۆیان لە شێخ جەلال حسینی جیا کردەوە و تا ئێستا بە ناوی ڕێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان بە جیا درێژە بە تێکۆشان دەدەن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران تا ئێستا چوار کۆنگرەی گرتووە و لە دوا کۆنگرەدا شێخ جەلالەدین حسینی پۆستی سکرتێریی حیزبەکەی بۆ کوڕەکەی بابە شێخ حسینی بە جێ هێشت.

* شێخ جەلال حسینی، ڕێبەر و دامەزرێنەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و سکرتێری پێشووی ئەم پارتە، ڕۆژی چوارشەممە ٢١ی ژووئیەی ٢٠١٠ زایینی ( ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٨٩ ی ) هەتاوی لە تەمەنی ٨٣ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر دڵی پڕ لە ئەوینی کوردایەتیی لە لێدان کەوت و ماڵئاوایی یەکجاری لە خەباتگێڕانی کورد کرد.

تەرمی شێخ جەلال حوسێنی لە گوندی "واژە"ی سەر بە شاری سلێمانی بە خاک دەسپێردرێ.

سەرچاوە :ماڵپەری کوردی پێدیا




هەر کورد بۆین و هەر کورد ئەبێن
شێعر: برایم ئەحمەد
داگیرکەری دڵ پڕلە قین
دڕندەی بێ ویژدان و دین
ناتوانی واکەی کورد نەبێن
هەر کورد بۆین وهەر کورد ئەبێن
لە پێش ئاگر پەرستی دا
لە پێش موسڵمانێ تێدا
لە دیلی و لە سەربەستی دا
هەر کورد بۆین و هەر کورد ئەبێن
نە عەرەبم نە ئێرانیم
نە تورکێکی شاخستانیم
نەک من هەر خۆم مێژووش ئەڵێ
کە کوردم و کوردستانیم
نەنەنگی یەوە نە پیاوەتی
جیاوازی نەتەوایەتی
بڕیارە و مێژوو داویەتی
کە کورد بین و هەر کورد ئەبێن
KURDISTAN
گەلان هەموو برای منن
هەر زۆردارانم دوژمنن
داوای وڵاتی کەس ناکەم
پەنجە بۆ مافی کەس نابەم
بۆ مافی گەل و خاکەکەم
هەتاماوەم خەبات ئەکەم
داگیرکەری دڵ پڕلە قین
دڕەندەی بێ وێژدان و دین
لە قەندیل و ئاگری و شیرن
یەکسانی کەی لە گەڵ ڕوی زەمین
ناتوانی واکەی کورد نەبێن
هەر کورد بۆین و هەر کورد ئەبێن
ڕەحمان نەقشی